# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل11

بەشی دوانزەهەم


ساڵی هەشتەم ژمارە (181) بەرواری 15–12–2024

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## شەپۆلێکی تری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی دەسەلاتی حزبۆکراتی پارتی و یەکێتی بە رێگاوەیە!!



دواخستنی دابەشکردنی موچە بۆ زیاتر لە دوو مانگ و شانی خاڵیکردنەوەی پارتی و یەکێتی لەوەی هیچ بەرپرسیاریەتییەک بگرنە ئەستۆ، زوربەی هەرەزۆری فەرمانبەرانی هەرێم و دۆخی گشتی کۆمەڵگەی خستۆتە دۆخێکی یەکجار سەخت و نەخوازراوەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە دواکەوتنی موچە تەنها ئەم دوو مانگە نییە و نادیاری دابەشکردنی

بۆ لاپەڕە 3

## تۆڕی داکۆکی لە داکۆکیکاران پێکهات!




سەرەتای ئەم مانگەو بەدیاریکراوی ٥ دیسەمبەر، ژمارەیەک لە هەڵسوراوان و چالاکوانی مەدەنی بەشێک لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو ژنان و لاوان و منالان و بەرگریکار لە ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ، تۆڕی داکۆکی لە داکۆکیکارانیان پێکهێنا... ئامانج لەم تۆڕە بۆ بەرگرییە لە هەڵسوراوان و چالاکوانەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، لە بەرامبەر بەو هەرەشەو چاوسوکردنەوەی لەمەیدانی کارو چالاکیەکانیاندا رووبەروویان دەبێتەوە... **دەقی راگەیاندنی تۆرەکە لە لاپەڕە ٣ دەخوێننەوە...**

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- راپەڕین، شەڕی ناوخۆ و رووخاندنی ئەسەد.............................................ل4
- زانیار وەلی و یادە گۆران وەڵامی پرسی رۆژیان داوەتەوە...........................ل5
- با رووخانی بەشار ئەسەد ببێتە پەند بۆ یەکێتی و پارتی...............................ل6
- سەرکردایەتی شکستخواردووی پارتی و یەکێتی و دەهەیەك لە گەندەڵی و......ل6
- سێ خاڵ سەبارەت بە رووخانی رژێمی سوریا.............................................ل8
- کوردستانی سوریا، پەکەکەو کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی و رۆژئاوا ململانێی....ل9_10




## دۆسیەی ژمارە "هۆکارەکانی خێرای رووخانی رژێمی بەشار ئەسەد و لێکەوتەکانی"


**هاوڕێ ئیدریس مستەفا وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل12–13**

## وتەی ژمارە

## سوریای دوای ئەسەد و بوار بۆ ئەزمونێکی تر...

عەبدوڵا مەحمود

هەشتی ئەم مانگە و تەنها دوای ١٠ رۆژ، لە دەستپێکی هێرشی ژمارەیەک گروپی ئیسلامی پشتیوانی کراو لەلایەن تورکیا و ئەردۆغانەوە، رژێمی بەعسی سوری روخا و کۆتایی بەدەسەلاتی زیاتر لە ٥ دەهەی بنەماڵەی ئەسەد هات.



روخانی دەسەلاتی بەعس و بەشار ئەسەد، بەرهەمی شۆرش و خەبات و جولانەوەی نارەزایەتی جەماوەری نەبوو، حاسڵی راسان و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەری ستەم دیدە لەدەستی دیکتاتۆری و نیزامی سەرپا گەندەڵی سوریا نەبوو، بەرهەمی تیکۆشانی جەماوەری ناوخۆی و پشتیوانی دنیای ئازادیخواز لێی نەبوو، بەڵکو بەرهەمی نەخشەو پلانی دەرەکی و کەڵک وەرگرتن لە هێزەکانی" بەرەی رزگاری شام" و گروپە ئیسلامیەکانی تر بوو. هێرشی لە پێشدا پلان بۆ دارێژراو و خێرای گروپە ئیسلامیە جیهادی و تیرۆرسیتەکان، بە پشتیوای ئاشکرای دەوڵەتی تورکیا، و گڵۆپی سەوزی ئەمریکا و روسیا بوو. هیزەکانی" بەرەی رزگاری شام و لایەنەکانی تری هاوشێوەیان" هیزگەلێکی بەهێز نەبوون، پشت بەستو بە پێگەی جەماوەری نەبوون، خاوەنی چەک و جبەخانەی قورس نەبوون، رەوت گەلێکی خۆشناو نەبوون، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سەرۆکی ئەو رێکخراوە داوا کراو خەلات بۆ زانیاری دەستکەوتن لەسەر شوێن و جموجۆڵەکانی ١٠ ملیۆن دۆلار بوو. بەو حاڵەوە هیرشی خیرای ئەو گروپانە بەخێرایی بووە مایەی دارمانی هێزەکانی سوپای سوریاو پاشەکشە پێکردنیان. ئیران و حزب الله و روسیا هیچ بەرگرییەکیان بۆ بەرگری لە رژێمی سوریا نیشان نەدا، لەو چوارچێوەیەدا رێکەوتنی پێش وەختە بۆ رادەستکردنی دەسەلات بە شیوەی دوور لە توندوتیژی و و کۆتاییهێنان بە دەسەلاتی بەشار ئەسەد لە نیوان جەمسەرە جیهانی و ناوچەییەکان، کۆتایی بەدەسەلاتی ئەسەد هێنا.

بۆ لاپەڕە 2


ل7_8

کۆشەی ئەدەب و هونەر

ل5

پرسی ڕۆژ

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی وتەی ژمارە

ئەوەی کە وای کرد دەسەڵاتی ئەسەد بەو خێراییە کۆتایی پێ بێت، ریشەی لە دەسەڵاتی ناوخۆی سوریادا بوو.

ریشەی لەدەسەڵاتێکی دیکتاتۆری پشت بەستوو بە زەبروزەنگ و دارمانی پەیوەندی دەسەڵات بە جەماوەر، گەندەڵی سەرپاگیر و بوونی بە مەیدان و ئامادەیی هیزگەلی جیهانی و ناوچەییدا بوو. سوریا دەمێک بوو جەستەی شەکەت و گەندەڵی خۆی لە رێگای سەرکوت و زەبرو زەنگ، پشتیوانی روسیاو و هاوکاری ئیران و حزب الله، رادەکیشا. لە سوریای بەشار ئەسەدا، جگە لە ژمارەیەکی کەمی دەوری بەشار ئەسەد و گەندەڵ، کە چارەنووسیان بەتەواوەتی شەتەک بەدەسەڵاتەوە بوو، کەسی تر نەبوو بەرگری لەم نیزامە بکات. ئەم نیزامە دەبوو بڕوات، نیزامێک کە سەخترین رۆژگاری بەسەر خەڵکی سوریادا داسەپاندبوو. دیکتاتۆریەتی بێ پەردە و سەرکوتکردنی هەر دەنگ و هەناسیەکی ئازادی و ئازادیخواز، گرانی و شەپۆلی بێکاری، ئاوارەیی لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، جەنگی ناوخۆی نێوان گروپە ئینسانکوژ و ئیسلامیەکان، بوونی بە گۆرەپانی ململانێی یەکلایی کردنەوەی بەرژەوەندی هێزە ناوچەیی و جەمسەرە جیهانییەکان... ئەو هۆکارانە بوون کە ژینگەی بۆ ئاڵوگۆر لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵاتدا بەتەواوەتی ئامادەکردبوو.

ئاڵوگۆری دەسەڵات لە سوریا، لەدەستی بەشار ئەسەد و بەعسیەکانەوە بۆ دەستی هیزەکانی "رزگاری شام" هیزە تیرۆریستە ئیسلامیەکان، نیشانە بۆ هیچ ئاڵوگۆرێکی باش بە سودی خەلکی سوریا نییە و هەر چەشنە خۆشباوەرییەک بەوەی کە ئارامی و ئاسایش و ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکانی بۆ خەڵکی سوریا دەگەڕێتەوە، نەک هەر وەهمە، بەڵکو پشتیوانی ئاشکرایە لە کۆمەڵێک هیز گەلی تاسەر مۆخ ئینسانکوژ و ئاشتی کوژ و ئازادی کوژ و ماف کوژ.

چ هیزە ئیسلامیە بە دەسەڵات گەیشتوەکان و چ دەوڵەتی تورکیای و هیز گەلی تری پشتی ئەم گروپانە، پێشتر و بە کردەوە ئەزموونکوان و کارکرد و پەیامیان، ناکۆکە بەسەرەتاییترین مافەکانی پەیوەست بە ئینسان و ئازادییەکان و مافی یەکسانی هاوڵاتیان.

لەو ئاڵوگۆرەی لە سوریادا پێکهات، تورکیا لایەنێکی سەرکەتووی گەمەکە و هەردوو لایەنی سەرەکی ململانێ لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئیران و ئیسرائیل لایەنی دۆڕاون. ئیران گەورەترین پیگەی خۆی و "بەرەی بەرگریەکەی" لەدەستدا و ئیسرائیل لەگەڵ ئەوەدا بە دۆرانی ئیران و لاواز بوونی حزب الله، بالانسی هێز بە قازانجیەتی، بەڵام بوونی دەسەڵاتێکی ئیسلامی بەهەر ناوەرۆکێکەوە لە سوریادا کە سنوری لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە، مەترسیەکی گەورەیە. جەمسەرە جیهانیەکانیش خەریکن لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکەدا، مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی دوای ئەسەد دەکەن، بێ گوێدان بە ناوەرۆکی ئەم نیزامە سیاسیەی دێتە سەرکار. هەر ئێستا ئەمریکا و غەرب نەک خەریکن محەمە جۆلانی و رێکخراوەی رزگاری شام لە لیستی تیرۆر دەردەهێنن و لەو رێگایەوە لە پێشبرکێدان لەگەڵ جەمسەری روسی، بەڵکو چۆن تاڵیبانیان کردەوە دیاری دەستیان بۆ دیموکراسی و خەڵکی ئەفغانستان، ئەوا ئیستا خەریکن دەسەڵاتی بەرەی ئیسلامی شام، وەکو خێر وبەرەکەتی دیموکراسی دەبەخشنە، خەڵکی زوڵمڵیکراوی سوریا و زەمینەی هاوکاریکردن و مامەڵە لەگەڵ کردنی ساز دەکەن.

دیارە هیشتا چارەنووسی دەسەڵات لە سوریا نارۆن و ئایندەی گێرانەوەی سەقامگیری نادیارە و ئەگەری بەیەکدادانی زیاد لە چەندین هێز و گروپی جیاوازی کۆنەپەرستی پابەند بە مەزهەب تایفەی دینی و قەومی، راستیەکی تاڵی ناو دۆخی سوریای دوای ئەسەدە. هاوکات ململانێی هێز گەلی ناوچەیی لەوانە تورکیا وەکو لایەنێکی سەرەکی کە بەشێکی سەرەکی هێزەکان، رۆڵی نیابەتی بۆ بەرژەوەندیەکانی دەگێرن، لەلایەک و ئیران لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئەوەدا دۆرا و شکست خواردووە، بەڵام دۆخی بۆشایی سیاسی و هاتنە سەرکاری رژێمێکی ئیسلامی، دەست لە تەماحەکانی لە سوریا هەڵناگرێت و هەوڵی دەستوەردان لە دۆخی سوریادا، دەکات.

لەناو ئەو دۆخەدا، بەتایبەتی لەهەلومەرجی بۆشایی سیاسی و ناسەقامگیرییدا، بەجیا لەجەمسەرە جیهانی ناوچەییەکان و هیزە تازە بەدەسەڵات گەیشتوەکان، بواری ئەوەش هەیە هێز گەلی تر سەر هەڵبدەن و ئامادەیی پەیدا بکەن، لەوانە بوار هەیە هێزی سیاسی چەپ و ئازادیخواز، لە رێگای خستنەرووی پلاتفۆرمی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە بێتە ناو گۆرەپانەکەو مۆری خۆیان لە دۆخی سوریای تازە بدەن. بەتایبەتیش کە خەڵکی سوریا زیاتر لە ٥ دەهەیە بەدەست دەسەڵاتی قەومی عەرەبی و دیکتاتۆریەتەوە دەناڵێنێ و زیاتر لە دەهەیەکیشە، بەدەست دەستێوەردانی دەرەکی و رۆڵی دژە ئینسانی ئەمریکا و غەرب و روسیاو ئیران و حزب الله و دەیان هیزی تری دژە ئینسانییەوە، گیرۆدەیە... چینی کریکار و جەماوەری دەیان ملیۆنی سوریا، بە مانای وشە وێڵی دوای ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و مافی هاوڵاتی یەکسانن لە بەرامبەر یاسادا، کە ئاسەواری جیاکاری و بیمافی و سەرکوت و سرینەوەی ناسنامەی هاوڵاتی بوون... بسڕێتەوە.

جەماوەری ملیۆنی لەسوریا، لەیەک کاتدا روو بەروون لەگەڵ دەیان هێزی سیاسی و جۆراوجۆری ناوخۆی دەستێوەردانی دەرەکی کە هەموویان ئەولادی یەک بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیین، بزوتنەوەی بۆرژوازی... ئەم بزوتنەوە بۆرژوازییە هەم باڵ و لقی قەومی و فاشیستی هەیەو هەم لق و پۆپی دینی و مەزهەبی و تایفی... کە هەرەشەی سەرەکی سەر ئازادی ومافەکانی ئینسانن.

چینی کرێکار و بەرەی ئازادیخواز و ئینسان دۆست و حزب و رێکخراوە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان، ئەرکیانە لەم دۆخە ناجگیر و ڕاگوزەرەدا، رۆڵی پیویست و کارای خۆیان بگێرن و ببنە هیز گەلی گێرانەوەی ئیرادە بۆ جەماوەری ملیۆنی سوریا و لەبەرامبەر بە سیناریۆ جۆراوجۆرە بۆرژوازییەکان و هێزەکانیان بوەستنەوە... "گێرانەوەی ئاسایش، نان و خزمەتگوازی، حکومەت و دەسەڵاتێکی مەدەنی" کە هاوڵاتیان بێ ناسنامەی قەومی و دینی تایفی لەبەرامبەر بە یاسادا یەکسان بن... سەرەکیترین خواست و پێداویستی ئەم بڕگەیەی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی سورییە، کە دەتوانێت ئیرادە سیاسی و ژیان و یاساو مافی هاوڵاتی بوون بۆ جەماوەری سوریا بگێرێتەوە و کۆتایی بەدەستێوەردانی دەرەکی بهێنێت.

لە سوریادا رۆڵی هەموو هیزو لایەنە بۆرژوازییەکان، بە قەومی و دینییەوە، ئەزمون کراوە... هەر ئەم ئەزمونەشە ئەم دۆخە سەختەی رووبەرووی خەڵکی سوریا و ناوچەکە کردۆتەوە. ئێستا ئەگەر سنووردار و مەودا کورتیش بێت، کات و بواری ئەوە هەیە ئەزمونێکی تر، ئەزمونی دەسەڵاتێکی سکیولاری غەیرە قەومی ئەزموون و پیادە بکرێت. گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر لە بۆشایی ئێستای دەسەڵاتدا دەست بۆ ئەلگۆیەکی تری دەسەڵاتدارێتی مەدەنی نەبرێت، لەگەڵ جیگیربوونی دەسەڵاتی هێزە بۆرژوازییە کۆنەپەرستە قەومی و دینی و تایفیەکان، ئەو دەرفەت و بوارە بەرتەسک و یەکجار سەخت دەبێتەوە، لەوچوارچیوەیەشدا چارەسەری پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان سەختر دەبێت، بەڵکو خودی دەسەڵاتی ئیستای خۆسەری و کانتۆنەکان، لەسوریادا، دەکەوێتە بەر هیرش بەمەبەستی کۆتایی پێهێنانی....

**ناوەراستی سێبتەمبەری ٢٠٢٤**

**ئاڵوگۆری دەسەڵات لە سوریا، لەدەستی بەشار ئەسەد و بەعسیەکانەوە بۆ دەستی هیزەکانی "رزگاری شام" و هیزە تیرۆریستە ئیسلامیەکان، نیشانە بۆ هیچ ئاڵوگۆرێکی باش بە سودی خەلکی سوریا نییە و هەر چەشنە خۆشباوەرییەك بەوەی کە ئارامی و ئاسایش و ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکانی بۆ خەڵکی سوریا دەگەڕێتەوە، نەك هەر وەهمە، بەڵکو پشتیوانی ئاشکرایە لە کۆمەڵێك هیز گەلی تاسەر مۆخ ئینسان کوژ و ئاشتی کوژ و ئازادی کوژ و ماف کوژ...**

# درێژەی: شەپۆلێکی تری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی حزبۆکراتی پارتی و یەکێتی بە رێگاوەیە!!

موچەی مانگەکان و تەنانەت سالی داهاتووش، مۆتەکەیەکە لەسەر سنگی خەلکی بێ خزمەتگوزاری و بێماففکراوی کوردستان.

بەشێکی زۆر لە مامۆستایان و مامۆستایانی گرێبەست و کارمەندانی پەروەردە، فەرمانبەرانی بنکە تەندروستییەکان، لە زۆنی سەوزدا هەر ئیستا خەریکی دەستبردن بۆ بایکۆت و راگرتنی دەوامن و تورەیی و نەفرەتی لێوان لێوی فەرمانبەرانی زۆنی زەردیش، حاشا هەلنەگرە.

دەستبردنی مامۆستایان و بنکە تەندروستیەکان و فەرمانبەران، بۆ دوبارە و چەند بارەوە دە بارەی کۆبونەوەی نارەزایەتی، بایکۆت و مانگرتن و خۆپیشاندان، کاردانەوەیەکی ناچارییە، بەدژی دەسەلاتی تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، لەگەل ئەوەدا ئەم دەسەلاتە دەست سوک ناکات لە سەپاندنی باج و خەراج و سەپاندنی بەسەر هاولاتیاندا، وە مۆل کردنی داهاتی ناوخۆیی و لەوانەش زیاتر بەبەرچاوی خەلک و دنیاداوە، رۆژانە خەریکی فرۆشتنی نەوت و بە قاچاغ بردنیەتی، کەچی ئامادەنین بەشێک لەو داهاتە بۆ موچە و خزمەتگوزارییەکان تەرخان بکەن.

چاوەروانی دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لە بەغدا و دەسەلاتی ئیسلامی و عروبی بۆ زامنکردنی موچەی فەرمانبەران و خزمەتگوزارییەکان، خۆدزینەوەیە لە هەرچەشنە بەرپرسیارێتیەک بەرامبەر بەخەلکی کوردستان... ئەم چاوەروانیەتی دەسەلاتی هەرێم لە بەغدا ئەگەر لەلایەکەوە خستنەرووی ئیفلاسی هەمە لایەنەی سیاسی و ئابوری و بەرێوەبردن و بەرپرسیاریەتییە، لە لایەکی تریشەوە راگەیاندنی جەنگێکی نەبراوەیە لەگەل ویست و داواکارییە زۆر سادە و سەرەتاییەکانی خەلکی کوردستان.

بریاری بایکۆت و مانگرتن و خۆپیشاندان و هەر شێوازێکی تری نارەزایەتی فەرمانبەرانی هەرێم بەدژی دەسەلاتی نابەرپرس و تالانچی هەرێم، لە درێژەی نارەزایەتییەکانی سالانی رابردوودا، بێگومان بە کەلک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی سالانی پێشوو دەبێت و داهێنانی تر بەخۆوە دەگرێت.

مامۆستایان و فەرمانبەران و تەواوی خەلکی ستەم لێچووی کوردستان، خاوەنی دەیان و سەدان کەسایەتیین کە دەتوانن رابەرایەتی نارەزایەتیەکانیان بکەن و ئالای داسەپاندنی داخوازییەکانیان بەسەر دەسەلاتدا بسەپێنن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە دەبێت هاوئاهەنگی لە نێوان رابەرانی مامۆستایان و فەرمانبەران و بنکە تەندروستیەکان و رابەرانی بزوتنەوەی جەماوەریدا پەرەی پێ بدرێت، دەست بۆ کاری رێکخراو ببرێت، بەرژەوەندی هاوبەش مەبنای دەستبەکاربوون بێت، بێ گوێدانە بیروباوەر و لایەنداری حزبی و ژن و پیاو بوون... لەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە بەشە نارازییەکانی کۆمەلگە، لەوانە مامۆستایان و فەرمانبەرانی بەشەکان، کارمەندانی تەندروستی و شارەوانی و ئاو کارەبا و... تاد، دەست ببەن بۆ دروستکردنی رێکخراوەی تایبەتی خۆیان بە بەرگری لە مافەکانیان و وەستانەوە بەهێرشی هەموو رۆژەی دەسەلات و کۆمپانیاکان. حزب و لایەنە سیاسیەکانی دەسەلات بەدەستی کوردستان دەیان و سەدان رێکخراو و کۆر و کۆمەلیان دروستکردووە بۆ بەرگری لە دەسەلات و بەرژەوەندیەکانیان، پێویستە چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەلگە، لەبەرامبەردا رێکخراوی خۆیان دروست بکەن، بەتایبەتی کە ناوەرۆکی رێکخراوە رەنگاو رەنگەکانی حزبەکانی دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی ناوەرۆکی چینایەتی و کارنامەیان، بە باشترین شێوە خۆی نیشانداوە، کە جگە لەبەرگری لە دەسەلات و حزبەکانیان، کارێکیان بەسەر بەرەوپێش بردنی خەبات و تێکۆشان و بەرگری لە مافەکانی توێژە بێبەشەکانەوە نەبووە...

چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، بەبێ ئەوەی هاوئاهەنگ و رێکخراو بن، ناتوانن کاریگەری راستەخۆ لەسەر دەسەلات دروست بکەن لە پێناو ماف و داخوازییەکانیان. با بۆ نەبەردەکانی داهاتو بەکەلک وەرگرتن لە ئەزموونی رابردوو، بە شێوەی رێکخراو و ئامانجدارانە دەست بەکار بین. سەرکەوتن بۆ هێزی رێکخراو و بەرچاو رۆشنە...

*******

# دەقی بەیاننامەی تۆڕی داکۆکی لە داکۆکیکاران

**بەیاننامەی تایبەت بە راگەیاندنی**

**(تۆڕی داکۆکی لە داکۆکیکاران)**

**ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز**

ئامادەبوانی بەڕێز!

پشتیوانانی برەودان بە خەباتی مەدەنی!

ئێمە وەک ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز، رێکخراوەکانی بەرگریکار لە مافی ژنان، مندال و مافەکانی مرۆڤ، هەمیشە خەباتی مەدەنی بە رێگای راست و دروست دەزانین بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادی و بەرەنگاربوونەوەی هەر نا دادی و هەلاوێردنێک، کە لەسەر بنەمای جیاکاری و نایەکسانی دەکرێت.

رێگای ئەو خەبات و داکۆکیکردنەش هەروا سانا نییە، زۆرجار داکۆکیکاران بەر هەرەشەی توند و دۆخی ناهەموار دەبنەوە، هیچ شوێنێکیش نییە پەناگەو پشتیوان بێت.

بۆیە ئێمە ئەمرۆ کۆمەلێک ژن پیاوی رێگای خەباتی مەدەنی، بە ئامادەبوونی بەڕێزتان تۆڕی "داکۆکی لە داکۆکیکاران" رادەگەیەنین، کە رۆژی 12/8/2024 لەسەر پێشنیازی رێکخراوی خەلک بۆ گەشەپێدان دروستبووە.

تۆرەکە، پێکهاتوە لە ژمارەیەک لە رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی، رێکخراوی ژنان، چالاکوان، پارێزەران. ئامانج لە دروستبوونی ئەم تۆرە بۆ پشتیوانیکردنە لەو چالاکوانانەی بە هۆکاری بەرگریکردنیان لە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان رووبەرووی ئاستەنگ و هەرەشە و سوکایەتی پێکردن دەبنەوە.

پلانی کاری ئەم تۆرە بەدەمەوە چوونی داکۆکیکارانە لە کاتی سەخت و دژوار دا.

ئەم تۆرە لەم سالەوە راپۆرتی پێشێلکاری، هەرەشە و ئاستەنگەکانی بەردەم داکۆکیکاران تۆمار دەکات و لە کۆنگرەی رۆژنامەوانیدا بۆ رای گشتی و لایەنی پەیوەندیدار بلاویدەکاتەوە.

تۆری داکۆکیکردن گرنگی دەدات بە بەهێزکردنی توانای داکۆکیکاران بۆ خۆپاراستن لە هەر ئەگەرێک کە ژیانیان رووبەرووی مەترسی دەکاتەوە و پشتگیری " لایەنی دەروونی، کۆمەلایەتی و یاسایی "یان بۆ دابین دەکات.

لە هەمانکاتدا تۆرەکە لە رێگەی زنجیرەیەک چالاکییەوە کار بۆ پێشخستنی توانا و بەهرەی داکۆکیکاران دەکات، بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر بتوانن روبەروی ئاستەنگ و فشارە کۆمەلایەتی و تەکنیکییەکان ببنەوە.

لێرەوە داوا لە رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی، چالاکوانانی بوارەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ و مافی مندال و مافی ژنان بە گشتیی دەکەین، لەکاتی بوونی هەر جۆرە فشار، ئاستەنگ، هەرەشە و مەترسییەکدا لەسەر ژیان و شکۆ و کەسایەتییان، پەیوەندی بە تۆری داکۆکی لە داکۆکیکاران بکەن، تاکو پێکەوە ئەم تۆرە بکەینە پەناگەیەک بۆ هەموو داکۆکیکاران و گەیاندنی دەنگ و پەیامیان.

**تۆری داکۆکی لە داکۆکیکاران**

**سلێمانی**


**5ی 12ی 2024**

تۆری داکۆکی لە داکۆکیکارانمان راگەیاند بۆ پالپشتی و بەدەمەوە چوونی هەر داکۆکیکارێک کە بەهۆی چالاکی، دەرکەوتن لە میدیا، رووبەرووی تەشیر، سوکایەتی،هەرەشە یاخود ناوزراندن دەبێتەوە. ئەم تۆرە پەناگەیەک دەبێت بۆ هەموو ئەو ژن و پیاوە یەکسانیخواز و ئازادیخوازەی بەهۆکاری چالاکیەوە دەکەیتە بەر هێرش و بەتایبەتی هێرشی سوشیال میدیا. ئەم تۆرە راپۆرتی سالانە ئامادەدەکات و بلاوی دەکاتەوە تاکو ئەم ئاستەنگانە گرنگی پێبدرێت.

**ژمارە تەلەفۆنی راگەیەندراو: 07765126372**

**07517696598 ,**

**defenddefenders6@gmail.com**



# ڕاپەڕین، شەڕی ناوخۆ و ڕووخاندنی ئەسەد!

خەڵکی سوریا دوای زیاتر لە پێنج دەیە لە دیکتاتۆریەتی خوێناوی و سەرکوتگەرانە، ئاهەنگی ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد دەگێڕن. بەشار ئەلئەسەد لەدوای کۆچی دوایی باوکیەوە لە ساڵی ٢٠٠٠ وڵاتی بەڕێوەبردووە، یەکشەممەی ڕابردوو لە دیمەشقی پایتەخت بەرەو ڕووسیا هەڵهات.

دەستەی ڕزگاری شام (HTS)کە گرووپێکی چەکداری ئیسلامی توندڕەوە، لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا هێرشێکی کتوپڕیان بۆ سەر ڕژێمی ئەسەد دەستپێکرد. دوای ئەوەی شاری حەلەبیان گرت، چەکدارەکانی HTSبەرەو باشوور بەرەو دیمەشق بەڕێکەوتن و پاش ١٠ ڕۆژ پایتەختیان گرت.

شەڕی ناوخۆی سوریا، دوای ئەوەی ئەسەد شۆڕشی جەماوەری ساڵی ٢٠١١ی لە خوێندا خنکاند، دەستپێکرد و لەو کاتەوە زلهێزەکانی ناوچەکە و جیهان دەستوەردانیان لەم وڵاتەدا کردووە.

دوای ئەوەی HTSدیمەشقی گرت، خەڵک هێرشیان کردە سەر کۆشکی سەرۆکایەتی و هێمای دیکتاتۆریەتی گەندەڵی ئەسەدیان تاڵان کرد.

چەکدارەکان دەستیان بەسەر دامەزراوە میدیاییەکانی دەوڵەتدا گرت بۆ پەخشکردنی سەرکەوتنەکانیان و زیندان و ژوورەکانی ئەشکەنجەدانی ڕژێمیان والاکرد.

لە سەرانسەری جیهان، لە واشنتۆن تا بەرلین تا ئەستەنبوڵ، سورییەکان بە خۆشحاڵییەوە ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان بە ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد.

## ڕژێمی ئەسەد لەکوێوە هاتبوو؟

ژەنەڕاڵ حافز ئەسەد، باوکی بەشار ئەسەد، لە ساڵی ١٩٧١ دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت و دیکتاتۆریەتێکی دڕندە و گەندەڵی دروستکرد.

پارتی ناسیۆنالیستی عەرەبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا بە کودەتایەکی سەربازی هاتبووە سەر دەسەڵات و کودەتایەکی دیکە لە ساڵی ١٩٦٦باڵی چەپی حیزبەکە دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەم باڵە بەڵێنی گەشەپێدانی سەرمایەداری بە سەرکردایەتی دەوڵەت و چاکسازی کۆمەڵایەتی و ڕووکردنە شورەوی دابوو.

دوای شکستی سوریا لە جەنگی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧دا، باڵی چەپی حیزبەکە بەرەو لاوازی ڕۆشت و وەزیری بەرگری حافز ئەسەد کودەتایەکی دیکەی ئەنجامدا و دەسەڵاتی گرتە دەست.

ڕژێمێکی نوێی بنیات نا کە تێکەڵەیەک بوو لە سەرمایەداری دەوڵەتی و بازاڕێکی ئازادی سنووردار کراو.

پۆستە باڵاکانی ڕژێمی ئەسەد زۆرێک لە عەلەوییەکان و کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکەی لەخۆگرتبوو. بەڵام پشتیوانی بەشی موسوڵمانی سوننەی چینی سەرمایەداریشی هەبوو.

سەرەڕای سوود وەرگرتن لە دەستەواژەی سۆشیالیستی، ڕژێمی حافیز ئەسەد دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لە دەستی ژمارەیەکی کەم لە بەرپرسانی دەوڵەتدا چڕکردبۆوە.

لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوود ڕژێمی ئەسەد پشتی بە پشتیوانی شورەوی دەبەست کە چەک و قەرز و یارمەتییەکانی دابین دەکرد. ڕژێمی ئەسەد هەروەکو ڕژێمە ناسیۆنالیستە عەرەبییەکانی دیکە شێوازی سەرمایەداریی دەوڵەتییان گرتبووەبەر.

بەشار ئەسەد لە ساڵی ٢٠٠٠ شوێنی باوکی گرتەوە و پاڵی بە "چاکسازی"ی زیاترەوە نا و بەدوای پەیوەندییەکی نزیکتردا لەگەڵ ڕۆژئاوادا گەڕا. بۆ نموونە لە کاتی شەڕی تیرۆر لەگەڵ ئەمریکا کاری هاوبەشیان کرد.

بەرنامەی ئازادکردنی ئابوورییەکەی بووە هۆی ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی لە کەنداوەوە. بەڵام ئەمەش لە بەرامبەردا بوومەلەرزەیەکی موڵک و ماڵی دروستکرد کە چینی ناوەڕاست و کرێکاری بە گرانی نرخەکانەوە چەقاند.

## ڕاپەڕینی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ چۆن بوو؟

ڕاپەڕینی خەڵکی سوریا دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی میسر و تونس وەک بەشێک لە بەهاری عەرەبی هاتە ئاراوە. لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١١دا پۆلیس هەندێ گەنجی دەستگیرکرد بەهۆی ئەوەی لەسەر دیواری قوتابخانەکەیان نووسیبوویان "خەڵک دەیەوێت ڕژێمەکە بڕوخێنێت".

ئەو نارەزایەتیانەی کە بەدوایدا هات، بە خێرایی زەبری زیاتریان بەدەستهێنا. بەشار ئەسەد بە شوێن پێی باوکی هەوڵیدا ڕاپەڕینەکان بە خوێن بخنکێنێت و تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد و چالاکوانانی کردە ئامانج و زیندانیکردن.

بەڵام ئەوە ڕوون بووەوە کە ئەوە بەس نابێت. هێزەکانی ئەسەد دەستیان کرد بە گەمارۆدانی شارۆچکە و شارە یاخیبووەکان، بۆردومانکردنی ناوچە نیشتەجێبووەکان بۆ ئەوەی پەیکەری کۆمەڵایەتی شۆڕشەکە لەناوببەن. ئینجا ئەسەد ڕووی کردە پەرەپێدانی دابەشکاری تائیفی لە نێوان جەماوەرە یاخیبووەکاندا.

لە کاتێکدا سەربازانی سوریا دەستیان کرد بە ڕەتکردنەوەی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، هەندێ میلیشیا پێکهێنرا بۆ بەرگریکردن لە گەڕەکەکانیان. ناوی سوپای سوریای ئازاد (FSA)یان وەرگرت، بەڵام ڕێکخراوێکی پارچەپارچە و بێ سەرکردایەتییەکی ناوەندی بوو.

لە ساڵی ٢٠١٢ ئەسەد پشتیوانی ئێرانی ڕاکێشا. ئێران هێزەکانی خۆی نارد و حزبوڵڵای لوبنانیش تێکەڵاوی سەرکوتکردنی خەڵک و شەڕیش بوو لەگەڵ هێزە میلیشیاکانی ڕکابەری ئەسەد. دواییتر ڕووسیاش فڕۆکە جەنگییەکانی خۆی شارۆچکەکانی سوریایان بۆردومان کرد.

لەگەڵ قووڵبوونەوەی شەڕی ناوخۆ، گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکان گەشەیان کرد.

## دەستەی ڕزگاری شام (HTS)کێن؟

ئەبو محەمەد جۆلانی سەرەتا جەبهەی نوسرەی وەکو لقێکی ئەلقاعیدە لە سوریا پێکهێنا. ئەو گروپە پەیوەندییان بە ڕێکخراوی قاعیدەوە هەبووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە جیابوونەوە.

دوای زنجیرەیەک یەکگرتن، دەستەی ڕزگاری شام (HTS)لە ساڵی ٢٠١٧ سەریهەڵدا. بە پێچەوانەی هەندێک جۆری دیکەی جیهادیزم، HTSئامانجی ناسیۆنالیستی هەیە و چاوی لە کۆنترۆڵکردنی سوریایە، نەک دامەزراندنی خەلافەتێکی موسڵمانی بێ سنوور. بەڵام تێڕوانینی کۆنەپەرستانەی خۆی و شەریعەی ئیسلامی بەسەر دانیشتوانی ئەدلیب و ئەو ناوچانەی ئەم دەستەیە دەستی باڵای تیایدا هەبوو سەپاند. پێش ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد، HTSبەشێکی زۆری باکووری ڕۆژئاوای سووریای بەڕێوە دەبرد.

دەستەی ڕزگاری شام، گرووپێکی جیهادی سەلەفییە لە ڕێگەی یەکگرتنەوەی بەرەی فاتح الشام (پێشتر بە بەرەی نوسرە ناسرابوو)، بەرەی ئەنسارولدین، جەیش ئەلسوننە، لیوای ئەلحەق و نور و بزووتنەوەی نورەدین ئەلزێنکی. دوای ماوەیەکی کەم ژمارەیەک گروپی دیکەش پەیوەست بوون بەو ڕێکخراوە، هەروەها ژمارەیەک کەسایەتی و چەکدار لە سوریا و دەرەوەی وڵاتیشەوە. سەرەڕای هەموو ئەم یەکگرتنە، HTSلە سەرکردەکانی بەرەی نوسرە بە تایبەتی پێکدێت، چونکە سەرکردەکانی ئەم بەرەیە دیارترین پێگەکانی HTSکۆنترۆڵ دەکەن.

ڕێکخراوی HTSبە سەرۆکایەتی ئەبو محەمەد ئەلجۆلانی لە ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە قەدەغە کرا. ئەمریکا ١٠ ملیۆن دۆلاری داناوە بۆ دەستگیرکردنی سەرکردەکەی. بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی ڕژێمی نوێ لە سوریا، وەزیری بێ وەزارەتی کابینەی بەریتانیا 'پات مەکفادن' ڕایگەیاند، حکومەتەکەی پێداچوونەوە بە قەدەغەکردنی تیرۆر دەکات.

ئێران کە پشتیوانێکی سەرەکی ئەسەد بوو، هەر زوو هەوڵیدا خۆی لە ڕژێمە ڕووخاوەکە دوور بخاتەوە. مەسعوود پزیشکیان سەرۆکی ئێران یەکشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند، "ئەوە گەلی سوریایە کە دەبێت بڕیار لەسەر ئایندەی وڵاتەکەی و سیستمی سیاسی و حکومی وڵاتەکەی بدات." لە کاتێکدا ڕووسیا ئەسەد لە مۆسکۆ داڵدە دەدات، بەپێی زانیارییەکان دەستەی ڕزگاری سووریا HTSگەرەنتی سەلامەتی بنکە سەربازییەکانی ڕووسیای لە سووریا کردووە.

## ئەی کوردی سووریا بەرەو کوێ؟

ڕژێمی ئەسەد لەسەر پرۆسەی بەعەرەبکردن ڕۆیشت و جووتیارانی کوردی لە زەویەکانیان دوورخرانەوە بۆ ئەوەی شوێن بۆ عەرەبەکان بکەنەوە. بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغە کرد و هەموو جۆرەکانی کولتووری کوردی سەرکوت کرد.

لە هەمان کاتدا حافز ئەسەد پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە خەباتی بۆ ڕزگاری کورد!! لە تورکیا دەکرد، وەک موزایەدەیەک لە دژی دراوسێکەی بەکارهێنا.

بەڵام لە ساڵی ١٩٩٨ لەژێر فشاری تورکیا ڕژێمی ئەسەد، عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە و پارتەکەی لە سوریا دەرکرد.

لە سەردەمی شۆڕشی سوریا لە ساڵی ٢٠١١، پەیەدە و هێزەکانی یەپەگە شەڕیان کرد بۆ دامەزراندنی ئیدارەی خۆسەری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا کە بە ڕۆژاڤا ناسراوە لە ساڵی ٢٠١٦.

بەڵام هەوڵەکانی ئازادیخوازی کوردیش مێژوویەکی تێوەگلان لەگەڵ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا هەیە. لە ساڵی ٢٠١٤، کاتێک شۆڕشی سوریا شکستی هێنا، یەپەگە بوو بە بەشێکی سەرەکی هێزی دیموکراتی سوریا .(SDF)

هێزەکانی سوریای دیموکرات ((SDF هاوپەیمانێتییەکی ئەمریکی بوو وە پێکهاتوە لە میلیشیا کوردەکان، عەرەبەکان، ئاشوورییەکان، ئەرمەنییەکان، تورکمان و چەرکس کە دژی داعش و بەرەی ئەلنوسرە شەڕ دەکەن.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کوردەکان چاویان لە بەرگریکردن لە ئۆتۆنۆمی خۆیانە لە ڕۆژاڤا، وا دیار بوو ساڵح موسلیم پشتگیری لە HTS دەکات کاتێک بەرەو دیمەشق پێشڕەوی دەکات.

لەکاتێکدا ئێچ تی ئێس هێرشی خۆی بۆ سەر ڕژێمی ئەسەد دەستپێکرد، هێرشیشیان بۆ سەر ناوچە کوردییەکانیش دەکرد و هێزە کوردییەکان هەوڵدەدەن کۆنترۆڵی ناوچە خۆسەرەکەی خۆیان بپارێزن.

بەڵام ئەمە دەتوانێت گرژی لەگەڵ ڕژێمێکی HTSدروست بکات. وە ئەردۆغان هەوڵ دەدات لەڕێگای HTSهێرش بۆ سەرکوتکردنی کوردەکانی سوریا دەستپێبکرێ.

لە کاتێکدا دۆناڵد ترەمپ چاوی لەوەیە لە مانگی یەکدا خولی دووەمی خۆی دەستپێبکات، دوودڵە لە دەستوەردان لە سوریا. بەڵام پاڵپشتی ڕژێمی ئەردۆغانیش دەکات و زیاتر خەباتی کورد دەخاتە ناو نادڵنیاییەوە.

## دەرئەنجام

ڕووخاندنی ئەسەد بە هاوکاری تورکیا و پارەو پولی قەتەر ئەنجامدرا، بەبێ ڕەزامەندی ئیسرائیل مومکین نەبوو. ئێستا تورکیا و قەتەر وەک داگیرکەری نوێی سوریا جێگەی ئێران و ڕووسیایان گرتووەتەوە، ئەم دوانەش بە تەواوی بێدەنگن بەرامبەر بە ئۆپەراسیۆنی داماڵینی چەکی سوریا لەلایەن ئیسرائیلەوە.

هەمووان بەرەی نوسرە و داعش و ئەلقاعیدە و تاڵیبان دەناسن و دەشزانن کێ دروستیکردوون و بۆچ مەبەستێکیش دروستکراون و گۆڕەپان و ئیمکاناتیشیان خستۆتە بەردەمیان. گۆڕینی ناو و جلوبەرگ ناوەڕۆک ناگۆڕێت.

**لە ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردی**

**توانا محەمەد نوری**

١٣/١٢/٢٠٢٤

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...


bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ

**کەمپەینی وەستانەوە بەدژی هەمواری یاسای باری کەسێتی یاسای ١٨٨ ی عێراقی**

**ژمارەیەک لە ژنان و پیاوانی بەرگریکار لە مافەکانی ژنان سەبارەت بە هەمواری یاسای باری کەسێتی بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...**

### بەڕێز (زانیار وەلی) توێژەر لە زانکۆی کۆیە



لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی فاشیستی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق، لە ژێر ناوی دەوڵەتی فیدراڵی کە گوایە حکومەتی نوێی عێراق فیدراڵی دیموکراتیە و پێشکەوتووترە لە ڕژێمی فاشیستی بەعسی ڕوخاو. کەچی لە ناوەڕۆکدا ئەم دەوڵەتە نوێیە دەوڵەتێکی مەزهەبی و تائیفی دواکەوتووە، و مەزهەبی شیعە زاڵکرا بەسەر دەوڵەتی نوێی عێراق، و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم دەوڵەتە بەرەو دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی زیاتر دەبەن. بەهەموو شێوەیەک هەنگاو دەندرێت بەرەو ئەوەی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێرانی شیعە مەزهەب لە عێراقیش بێتە کایەوە. کە بەداخەوە لە هەندێک ڕووەوە دواکەوتووتریش!

لە نوێترین هەنگاوی ئەو ئایدۆلۆژیایە ئەوە بوو هەمواری یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ ی عێراق بکەن، و خوێندنەوەی یەکەم ودووەمیشی لە پەرلەمانی عێراق بۆ کرا. بە شێوەیەک کە دەستکاری بڕگەکانی بکەن بەرەو یاسایەکی کۆنەپەرستی و دواکەوتوو کە لە جیهانی ئەمڕۆدا وێنەی نییە! بۆ نموونە ئەوەی کە وەکو سەردەمی کۆن مەلاکان بتوانن بەبێ دادگا ژن مارەبکەن لە دەرەوەی دادگا. هەروەها ڕێگە بدرێت منداڵی تەمەن ٩ ساڵ مارەبکرێت! کە گوایە ئەمە بەپێی شەریعەتی ئیسلامە و کچ لە تەمەنی ٩ ساڵیەوە پێدەگات، و دەتوانێت شووبکات و هاوسەرگیری پێکبهێنێت. ئەمە تاوانە دەچێتە قالبی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان، ٩ ساڵ بە هەموو پێوەرێک منداڵە و بیرکردنەوە و جەستە و توانای بڕیاردان و هیچ شتێکی منداڵێکی لەو تەمەنە ئامادە نییە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکات.

ئەو بابەتە تاوانێکی گەورە و قێزەونە. ئەمە جۆرێکە لە بازرگانی و فرۆشتنی منداڵی کچ بە پیاوی دەوڵەمەندی هەوەسباز لەلایەن ئەو خێزانانەی هەژار و کەمدەرامەتن، و ناتوانن منداڵەکانیان بەخێوبکەن وەکو پێویست. کاریگەری زۆر خراپی لەسەر داهاتووی عێراق هەیە لەسەر کلتور و ڕەفتاری تاکی عێراقی کاریگەری زۆر خراپ دادەنێت. پێویستە لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و زانکۆکان و لایەنە سیاسیەکان، ڕۆشنبیران و توێژە جیاوازەکان لە سەرتاسەری وڵات بەگژ ئەو هەوڵە ترسناکە کۆنەپەرستییەدا بچنەوە، و بە توندی بەرپەرچی هەر هەوڵێکی لەو جۆرانە بدرێت کە هەوڵ دەدەن زیاتر و زیاتر عێراق بەرەو دەوڵەتێکی دواکەوتوو ببەن.

### بەڕێز (یادە گۆران) ئەندازیار لەکەنەدا



دەربارەی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەلایەن کۆمەڵێ ئەندام پەرلەمانی سەر بە ئیتار، و دواجار ڕێککەوتنیان لەگەڵ سونەکان بە تەماحی یاسای لێخۆشبوونی گیراوەکانیان، و ڕزگارکردنیان، بە دڵنیاییەوە دەرهاویشتەی کۆمەڵێ فاکتی تریشە، گرنگترینیان:


یەکەم فاکت؛ دەسەڵاتی مەلا و پیاوی ئایینی و سەرچاوەی دەستور و یاسا ئایین بێت هەر ئەم جۆرە هەموار و یاسایانەی لێوە دەرئەچێ، چونکە هەگبەی ئایین هەر ئەمەی پێیە. فاکتی دووەم؛ کەمکردنەوەی دەوری ئافرەت، و بە سووککردن و لە قالبدانی تەنها بۆ چواچێوەی ماڵ و منال خستنەوە و سڕینەوەی عەقڵ و زیهنی. دواجار ئەم جۆرە یاسایانە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی تێک ئەدات و ئەبێتە هۆی زەقبوونەوەی زۆرتری تایفەگەرایی. بە دیوێکی تردا؛ حکومەتی ئێستای عیراق هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆی نییە لە دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئازاد بۆ خەڵکی عیراق، بۆیە دواجار ئەم جۆرە هەموار و یاسایانە ڕاکردنە لە بەرپرسیارێتی و خۆڵکردنە چاوی خەڵکە لەو هەموو گەندەڵکاری و دزی وکوشتنەی کە ئەم هێزانە دەستوپەنجەیان نەرمکردووە لەگەڵیدا، وپێی تاوانبارن.

********

**پڕۆژە یاسایی هەمواری یاسای باری کەسێتی... پڕۆژەی ئیغتیسابکردنی منالی کچی ٩ ساڵانە، پڕۆژە یاسای سوکایەتی و ڕەتکردنەوەی یاساو گواستنەوەیەتی بۆ دەستی سەرۆکی خێڵ و هۆز و عەشایر... پڕۆژە یاسای سوکایەتی بە هەموو ماف و بەهایەکی ئینسانییە... دەبێ تور بدرێت...**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# با رووخانی بەشار ئەسەد ببێتە پەند بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان...



نووسینی: ڕیبوار یاسین فتاح

دەیان ساڵە تەماح و گەندەڵی و چەوساندنەوە تەنها دەبێتە هۆی نارەزایی لەناو خەڵکدا و زەمینەیەکی بەپیت بۆ نائارامی و دواجار دارمان دروست دەکات. رەنگە ستەمکاری بۆ ماوەیەک بەرگەی بگرێت، بەڵام هیچ برە سامان و هێز و هاوپەیمانییەکی دەرەکی ناتوانێت رژێمێک رزگار بکات کە متمانە و پشتیوانی هاوڵاتیانی خۆی لەدەست بدات.

پەیامیک بۆ مەسرو بارزانی، بافل تالەبانی

ماوەیەک لەمەو بەر "شەکرت" شکاندو گووتت، ئێمە شۆرشمان بۆ مووچە نەکردوە. بەر لەهەموو شت ئەو دۆخەی ئیستا بەرهەمی بەناو شۆرش نەبوو، بەڵکو ئەنجامی ئەحمەقی سەدام بوو کە کوێتی داگیرکرد و ئەم دوخەی خولڤاند کە چەکدارەکانی باوکت و ئەوانەی زۆنی سەوزیش هاتنە سەر حارزی و تا ئێستا بەرهەمەکەی دەخۆن.

پاشان ئەو بزافەی تۆ ناوی دەنێیت شۆرش، تۆیەک کە تەقەی خۆشیت تیدا نەکردوە بۆیە ناوی خۆتی تێ مەخە هەروەها فێربە بزانە چۆن قسە دەکەیت...

لەوانەیە نەزانیت بەو قسانەت چەندە ئازاری مووچەخۆران دەدەیت. مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت (سکی تیر ئاگای لە برسي نییە) ئاخر تۆیەکی سک تێر، تۆیەکی ملیاردێر، تۆیەکی لە ئەمریکا و ئەوروپا دووبەی موڵک وسامانت هەبێت، تۆیەک گرانترین سەیارەو ئە سپ وڤیلای هەبێت، تۆیەک لە گەندەڵی و دزی سامانی خەڵکی هە ریناد (پرۆفیشیۆنال) بیت کەچی هیشتا تەماح دەکەیتە مووچەی ئەو نەگبەتانە! و پاشانیش دێیت بەقسەی ناماقول هەستیان بریندار دەکەیت. ئیدی چۆن شەرم ناتگریت؟ چۆن خەجاڵەت نابیت؟ کە ئازایت، گەر دەتەوێت هەست یە ئازاري مووچەخۆران بکەیت یۆ مانگیک بە هەژاری وەک مووچەخۆران بژی، دڵنیام یەک رۆژ ناتوانیت ئەو کارە بکەیت. ئیتر بەسە بریندارکردنی هەستی هەژاران. بەسە گەمەکردن بەو خەلکەی گیرۆدەی دەستی ئێوە مافیایە. ئاخر گەر مووچەخۆران نانیان نەبێت، بیدەنە منداڵەکانیان ئیتر قسەی بریقەدار ناوەرۆک بەتاڵی شۆرش چ واتایە کی هەیە بۆیان؟

پێویستە پارتی و یەکێتی گوێ لەم هۆشدارییە بگرن: سەبر و خۆراگری خەڵک بێ سنوور نییە. سەرکردایەتی راستەقینە داوای لێپرسینەوە و دادپەروەری و پابەندبوون بە خۆشگوزەرانی هەمووان دەکات.

لەوانەیە ستەمکاران سەرهەڵبدەن، بەڵام حوکمرانیان هەمیشە کۆتایی دێت. خۆشبەختانە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە سوریادا ئەمرۆ کۆتای پێهات. ئومێد دەکەین خۆری ئازادی لەکوردستان هەڵبێت و دەسەڵاتی خۆسەپێنی پارتی و یەکێتی کۆتایی پێبێت.




لەرابردوودا هەریەک لە سەدام و قەزافی و موبارەک و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح هەریەکەیان زۆردارانە حوکمیان دەکرد و برینەکانیان لەسەر گەلەکەیان بەجێدەهێشت. بەشار ئەسەدیش لەرێگەی سەرکوتکردنی درندانە بووە هۆی ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس و وێرانکردنی سوریا، زیاتر لەنیو سەدە دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو و ئازار و چەوساندنەوەی بەسەر سوریادا هێناوە بەتایبەت گەلی کورد لەرۆژئاوای کوردستان، بەڵام کۆتایی هەر رووخان بوو، چونکە کورد واتەنی "هەموو پەتێک لەباریکیدا دەپسێت تەنها پەتی زوڵمە لە ئەستووری دا ئەپسێت"

ئێمەی گەلی کورد بۆ چەندین نەوە، نەتەوەکەمان رووبەرووی خیانەت و ئەشکەنجە و ئازاری بێوچان بووەتەوە- نەک تەنها لە لایەن هێزە دەرەکیەکانەوە، بەڵکو لە ناوەوەشەوە. گەندەڵی و پراکتیزە پاوانخوازەکانی پارتی و یەکێتی برینی گەلەکەمانی قووڵتر کردووەتەوە. ئەم حیزبانە بە هەڵە مامەڵەیان لەگەڵ داهات و سەرچاوەکانمان کردووە و نوخبەی خۆیان دەوڵەمەند کردووە و دەسەڵاتی خۆیان لە پێشینەی خۆشگوزەرانی میللەتەکەمان داناوە. مێژووی رکابەری و لەگەڵ یەکتری "یەکرێزیی کوردیان"!! تێکداوە و خەونی ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستانیان لەگۆرناوە.

پێمان وایە سەرەرای ئەم تەحەددایانە، دادپەروەری زاڵ دەبێت، هەرگیز رۆحی گەلەکەمان ناشکێت. کاتی ئەوە هاتووە جیهان دان بە خەبات و تێکۆشانماندا بنێت و لە پێناو دادپەروەری و کەرامەت و ئازادی راستەقینەماندا لەگەڵمان بوەستێت. کاتی ئەوە هاتووە پەتی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی کورد لەباشوور بەتایبەت جووت بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی لەرەگ و ریشەوە هەڵتەکێندرێ و تۆڵەی دایکی جەرگ سووتاو و منالی بێ باوک کراو و رۆژنامەنووسی شەهید و زیندانیکراو و مامۆستای شەقتیەهەڵدراو و مافی فەرمانبەری مووچە لێ دزراویان لێبکرێتەوە. کاتی ئەوە هاتووە تەواوی سەروەت و سامانی دزراو بۆ میللەت بگەرێنرێتەوە و سەرکردە گەندەڵکارانیان دادگای بکرێن.

# سەرکردایەتی شکستخواردووی پارتی و یەکێتی: دەیەیەک لە گەندەڵی و چەوساندنەوە...



نووسینی: کۆژین بەهادین

لە 2014/12/13، ئەمریکا بڕیارێکی بەرچاوی دا بە دەرهێنانی ناوی یەکێتی و پارتی لە لیستی تیرۆریستی وڵاتەکەیدا. ئەم بڕیارە کە مەبەست لێی پاڵپشتی زیاتر سەقامگیری ناوچەکە بوو، سەلماندی کە هەڵەیەکی کارەساتبار و وێرانکەریش بوو. دوای دە ساڵ و بە سەرکردایەتی مەسعود بارزانی و باڤڵ تاڵەبانی، هەردوولا هەرێمی کوردستانیان بەرەو شکست و گەندەڵی و کاولکاری بردووە ئەویش لە ئەنجامی خراپ بەرێوەبردنی دسەڵاتەکانیانەوە، نەیانتوانی تەنانەت سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ئەو خەڵکە دابین بکەن خزمەتی میلەتەکەیان بکەن.

لەدوای دەرهێنانیان لە لیستەکەدا، پارتی و یەکێتی برەویان زیاتر بە گەندەڵییەکاندا، ئەمەش قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانی هەرێم توندتر کردووە. شکستی هەرە بەرچاوی هەردوو حیزب بریتیە لە دابین نەکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەک کارەبا، ئاو و پەروەردە. ئەمانە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤن کە تا ئێستاش لە ناوچەکەدا گەشەی نەکردووە. هەردوو لایەن لەبری ئەوەی پێگەی خۆیان بۆ باشترکردنی حوکمڕانی بەکاربهێنن، سەرچاوەکانیان بۆ قازانجی تاکە کەسی بەکارهێناوە. ئەوان بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو بەشداربوون لە قاچاخچێتی نەوتی نایاسایی، قازانجەکەشیان گواستۆتەوە بۆ هەژماری بانکە بیانییەکانیان, نەک وەبەرهێنان لە ژێرخانی هەرێمدا. ئەمەش بووەتە هۆی نایەکسانی ئابووری بەرفراوان و دانیشتووان قورسایی ئەو خراپ بەرێوەبردنەیان لە ئەستۆ گرتووە.

جگە لە گەندەڵی ئابووری، سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی بە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان و سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان دەستێکی باڵایان هەبووە. یەکێک لە شکستە هەرە زەقەکانی سەرکردایەتیەکەیان لە سەردەمی جینۆسایدی داعش بۆ سەر ئێزدییەکان ڕوویدا. سەرکردایەتی کورد لە جیاتی پاراستنی گەلەکەی خۆی، ئێزیدییەکانیان جێهێشت بۆ درندەترین دوژمن کە ئەویش داعش. ئەم شکستەش لە مامەڵەکردن لە کاتی قەیرانێکی وەها گەورەدا، رەنگدانەوەی سەرکردایەتییەکە کە زیاتر خەمی مانەوەی خۆیانە لە دەسەڵاتە, نەک خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانی.

جگە لەوەش پارتی و یەکێتی بە بەردەوامی دەنگە ئازاد و نارزایەکانی چالاکوانان و ئازادی خوازانیان خنکاندووە. ئەو رۆژنامەنووس و چالاکوانانەی دەوێرن رەخنە لە حکومەت بگرن، رووبەرووی تۆقاندن و دەستگیرکردن و تەنانەت تیرۆرکردن بوونەتەوە. کەسایەتییەکانی وەک شێروان شێروانی، جیهان تەها، کاوە گەرمیانی، و سەردەشت عوسمان بێدەنگ کران بەهۆی ئەوەی لە دژی ئەو گەندەڵی و پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ لە کوردستان وەستانەوە کە لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە ئەنجامدەدرێن. ئەم گیان لەدەستدان و دەستگیرکردنانە تیشک دەخاتە سەر سروشتی تاکرەوی زیاتری پارتی و یەکێتی کە سەرکردەکانیان هەمیشە دەیانەوێت لە سەر کورسی دەسەڵات بن و هەرکەسێک رەخنەیان لی بگرێت بە هەڕەشە بۆ سەر ئایندەیان لێی بڕوانن.




پەڵەیەکی تری رەشی دەسەڵای هەردوو حیزب پرۆسەی هەڵبژاردن بوو. سەرەرای نارەزایی بەربڵاو و دابەزینی جەماوەری، پارتی و یەکێتی توانیویانە سەرکەوتنی سیاسی مسۆگەر بکەن، لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤دا. راپرسییەکان ئاماژەیان بەوە کردبوو کە لایەنەکان پشتیوانی لەدەست دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە کورسی زیاتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا بەدەستبهێنن. ئەمەش ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی هەڵبژاردن کە زۆر کەموکوڕ بووە، کە بە تۆقاندن و ساختەکاری لە دەنگەکاندا و دەستکاریکردنی رای گشتی بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامی باڵادەستی ئەو دوو حزبە شکاوەتەوە.

سەرەرای ئەوەش، هاوردەکردنی زیاتر لە ٣٥ هەزار ئۆتۆمبێلی نایاسایی، کە دەبوو ئەوانە لە دوبەی لەناوببرانایە، نموونەیەکی دیکەی ئاشکرایە بۆ پێشێلکردنی یاسا کە لایەنەکانە بۆ دەستکەوتی خۆیان کردوویانە. سەرکردایەتی لەبری ئەوەی چارەسەری پێداویستییە گرنگەکانی هەرێم بکات، بەردەوامە لە دەوڵەمەندکردنی خۆی لە رێگەی نایاساییەوە بووە، ئەمەش هۆکار بووە لە بەردەوامی دابەزینی پێگە و سەنگی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.

دوای دە ساڵ لە بڕیاری لابردنی پارتی و یەکێتی لە لیستی تیرۆردا، پێموایە کە هەردوو حیزب تەنیا بەرەو خراپتر رۆشتوون. دابین نەکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، رۆڵ بینین لە کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان، سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان و دەستکاریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن، نیشانەی حاشا هەڵنەگرانەی کە پارتی و یەکێتی لە گەندەڵی و تاواندا نوقووم بوون.

بەرای من کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە و پارتی و یەکێتی بخاتەوە ناو لیستی تیرۆرەوە. خەڵکی کوردستان شایەنی باشترن، نەک بەرژەوەندی نوخبەی دەسەڵاتدار لە پێشینە بگیرێت. تەنها لە رێگەی ئەو گۆرانکارییەوە هەرێم دەتوانێت بە هیوای دەربازبوون لە چنگی سەکردایەتییەکی گەندەڵ و ستەمکار دەربکات, کە نەیتوانیوە ئەو ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانییەی گەلی کوردستان ئاواتی بۆ دەخوازێت، دابین بکات.

********

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# پەساپۆرتیکی بێ ڤیزە


هۆنراوەی: سەلام سەعید

کێ دەڵێ زستان ناگری
پرسە بۆ خەم ناگرێ
لە داخاندا جەرگی زەوی شەق ناکات و
لەبەر ڕێژنەی فرمێسکیدا ئەم زەمینە نالاوێنێ
بە هێمنی لە شینای زەوی نادوێ
لەروی خەمی ڕەتینراوی ئەم خەڵکەدا
بۆ شەوارەی ئیش و زامیان
ئیشك ناگرێ
ئەگەر ئیوەش
وەك شەوانی فریشتەی
کلو کلو بەفری سپی لەخۆگرن
گەر لەئیشکی ئەم خاکەدا
چاوەکانتان والاکەن
وورد بروانن
باش دەبینن زستان دەگری
پرسە بۆخەمیش دەگێڕێ
سەمای کۆتەڵی ئەم خەڵکە
لەشەویکی پر پرۆشەی
هەوری سپی دا دەگیرێ
زستان قەتارەی کۆچێکی سەرکەشە
لەبەر لیزمەو هەوری توندیا
لەناوگەروی پر لەتۆف و کرێوەی دا
هەرچی خەمە
دێ و دەپرسێ
لەئاوەرۆی ئەم خاکەدا سەر دەردێنێ
سەردەکەوێ
ژەمێکی تر ...بەرەگ و قەدی شینای
ئەم خاکەدا سەر دەکەوێ
ئەی خەڵکینە مێژویەکە
ئەم وڵاتە زستانانی
خەمێکی خەست لەخۆی ئەگرێ
بۆیە زستان پرسەدەگرێ
دڵ نەوای خەڵ دەکات ولێت دەپرشێ
لەزامێکی شەهید دەچێ
چۆن نازانی گشت زستانێ
دڵی خەڵکی لەئیشکی شەو
چۆن دەلەرزێ
................................
وەك شۆڕەبی لەسەرماندا هەڵ دەلەرزێ
چۆن وێڵ دەبی
بۆ وێڵ دەبی
سەری جانتای پر یادگاری شەهیدانە
وەك ئەستیرەیەکی ڕەتینراو
دڵی وولاتیکی بێ شوناس نامە
لەدوی کۆچی لەدوی بارگەو دڵی وێڵی
زامەکانی وەکو سوتو
خەمەکانی وەك قومێ ئاو
بۆ گەرویەکی شەرابردو
چاوەکانی لەدوی گرو هانای دوری
بەگەردەلولی هەناسەی
بەسەرزامی بەسەرنەچووی
پر لەسوێی ئەم خەڵکەدا
بەبالای خەمەکاندا
هەڵ دەگێڕێ
ئێستێ دەگرێ
والەجەنگی کۆتایدا
من دەناڵێم لەدووی کۆچی
لەژێر باڵی ئەم شەوەدا
گلاراوەو ئۆقرە ناگرم
شەوێکی مات
لە قەرسیلی چاوەکانیا
لەکۆش دەگرم
گەرچی زستان
پر لە لێزمەو تۆفی توندە
وا ئەم خاکە قورگی ووشکە
لەتونیاندا وادەخنکێ
بەفر یاخی یە دەست لەملی لوتکە ناکا
ئیتر باڵی ئەو مەلانە
هەواڵی خیر بۆ خوا نابا
ئیتر دێکانی سەر سنور
چاوەکانیان لەبالای سانیا تیر ناخوا
بۆیە بەفر دەست لەملی لوتکە ناکا
ئیتر مەلیش هەواڵی خێر بۆ خوا نابا
هۆ کیژە پێشمەرگەی
وڵاتی خوێن و بەفر
کۆترە باریکەی گویسوانەی
ماڵە قورینەی دیهاتم
سوێسکەی سرکی پێدەشتی ڕێی
بەینی سنەو مەریوانم
هاورێکانت دەستە خوشکە ئازاکانت
ناوت دەنێن روباریکی پر لە هاژە
پەنجەی باو گوڵە مێخەك و میلاقە
کانی بنار
هەرمێ زەردەی بەر ڕێی بنار
گەرەکی دێ
شەقامی شار
ئەو منداڵەی سارای ژینی کۆڵێ خەمە لەدایك ئەبێ
نانا ئەی خەمە زستانەی تەمەن
ئەمن نیووت ئەنێم ئەژی
ئەژی سانیا
بۆ نازانن لە قەرسیلی چاوەکانیا
بەهار دەزێ
لەبالای دا ئاسنگەران پێدەکەنێ
لە یادگاریا
وەك کۆتری بەر گویسوانەی دیهاتەکان سرك نیە
تەقەو رەقە نای فرێنێ
هاورێ ناڵێم من ماڵ ئاوا
ناوم ناوی سانیا دەژی
نامەیەکی بەپەلەیە
سپی سپی
سنگی تەمێ شەق دەکات و
گوڵ بۆ کەناری خەم دێنێ
رووی ووتاری رۆژ نامەیە
زەردەخەنەی لێوی دایك و
قیژەو تریقەی وردیلەیە
ئاهی پشوی
لەشی ماندوی کرێکاری ناوکارگەیە
من نێوم نا چاوی شیعر
دڵی تەمەن
مێژووی پەسەن
پەساپۆرتیکی بێ ڤیزە
مرۆڤێکی بێ نیشتمان
نانی برسی و
دوکەڵ کێشی کارخانەکان
هاورێ من ناڵێم ماڵ ئاوا
ناوم ناوە سانیا دەژی
ئاخۆ ئیستا وشەی شیعری نیو هۆنراوەم
باڵی کۆتری گوێ گویسوانەم
پەساپۆرتە بێ ڤیزەکەی
بەر باخەڵی پێشمەرگەکەم
لوتکەو باسکی داگیرساوی ئەم وڵاتەی
شەتەك داوەو کردۆتە کۆڵ
تۆ دەی بینی
چاووەرێیە پە پولەی چپە بەرێ کا
ئەم ڕێگایەش پر بۆسەیە
سویسکەی سرکی ئەم بنارە
هەڵۆ ئاسا بە پەلەیە
چەند هەنگاوێکەو سەرنجێ
وادەروانێ
ئەبێ بۆ کێ بێ بروانێ
تۆ سەیرکە پەساپۆرتە بێ ڤیزەکەم
تەم ومژی ئەم بنارە
لەچاوانیا چۆن دەرێژێ
دوێنێ سانیا
کیژە قوتابی شاری سنەم
کیژە سرکە کەی چوار چرای مهاباتم
سورەچناری بەردەم دێ و سەرەرێگەی
کانی ژنانی دیهاتم
دەستە خوشکەکەی بەیان و
هەمان هاورێی سنەو بەرو
لەیلا قاسمی بەغدادم
باڵی تیژی ترقە بوو
دەستە خوشکی پێشمەرگە بوو
ووشەی جوانی هۆنراوە بوو
کولێرەیەکی برژاوی
بێ پێخۆری کرێکاریکی ماندو بوو
هێلانەیەکی خنجیلەی
مەلی تەرەی شەوی پر تۆفی زستان بوو
لەسەمای سوتانی سەریا
چەپکێ گری وەنەوشەی
ئەندێشەی بیری هیلاك بوو
مەلی ئۆقرەو
رێبواری ڕێی نەجات بوو
باڵی بەهرەی پۆڵ روبنسن
بەهرەی دەنگی پر لەسۆزی
دەنگی زولاڵی نەجمە بوو
سانیا .. سانیا
زیاد لەبیرو بۆ چونم بوو
هەرچەند سانیاشم نەدیبوو
زەردەخەنە
وەك پەپولە لەسەر گوڵی لێو هەڵفرێ
بەلام زانیم تفەنگێکە هەزار پیلانی ئاخوندی
لەهەڵ وێستیا لەرزۆك لەرزۆك
باڵی گوڵی ناوەرێنێ
دەنگی زولاڵی کپ ناکاو
سەری بەرزی نانەوێنێ
وەرە ئەم سەرەت بۆ والاکەم
سیروان گۆنای بە بالای شیعرمدا
شەکەت ماندوو لەرۆخەکانی بێزارە
سیروان روباری دڵمە
لەگریانی چاوەکانی دایکان دەچێ
خەمێکی هێندە گەورەیە
لەبالاتدا وا پێ ئەگرێ
لەو کاتەوەی ماڵ بەماڵی دیهاتیەکان
کوانوی بەندەری باست بوون
لەوکاتەوەی ئاسنگەران بەباڵ دەفری
دارە بەنی ئەو بنارە لەگەڵ بالات پێ دەکەنی
سەرت ژورێکی چوارگۆشە
تەنها بالای تۆم تیا ئەدی
تەنها کاسکێتەکەی سەرتو
مانگەشەوی ئیوارانی سەرتەوێڵت
ئەستیرەیەکی پێنج گۆشە
پیشانگای سەرتم تیا ئەدی
ئای کە دوند بووی کاتێ دەت گوت
من ئەو خەمە ماندوە نیم
نوسینە کانی سەردڵم
لەگەڵ رقی هەموو شەپۆلێکدا وون کەم
چۆن بێدەنگ بم
برینێکم زیاد لەقولای لەشتان
ئازار لەناخما پێ ئەگرێ
سبەی ئاسۆی تریڤەیە
چرۆی ئاوێنەی روتانە
هەژارەکان لەدەرونی ئێمەی دوندا
گوڵی سەربەستی بەردەگرێ
ئای کەدوند بووی
چیم لێ دەکەی
لەدەرونتا هەڵم واسە
دەچریکێنم -- ئاو بۆ جەستەی تینوو دێنم
گر بۆ درکەزی بنارو
تریقەو خەندە
بۆسەر هانای برسی دێنم

**بۆ کچە فەرماندەی گیان بەختکردوی کۆمەڵە– سانیا –ساڵی 1986 لەشاخ نوسراوە**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

گۆشەی ئەدەب و هونەر



# هونەرمەندو فەرهەنگی ئینسانی...

**نووسینی: نەجم محەمەد**

یەکێک لەگرنگترین و سەرەکیترین خەسڵەتێک کەزۆر پێویستە لەهونەرمەندا هەبێت ئەوەیە کەخاوەنی فەرهەنگێکی گەورەوجوانی مرۆیی بێت، واتا وەک مرۆڤ بڕوانێتە مرۆڤ و خاوەنی ئایدیاو بیرکردنەوەیەکی مرۆییانە بێ دژی ڕاسیزم وفاشیزم بێ خاوەنی بیرێکی تەسک و دەمارگیری نەتەوەیی و کۆنەپەرستی نەبێت. وەک مرۆڤ بڕوانێتە مرۆڤ بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ڕەنگ وزمان و بەرگ و نەتەوە و نیشتیمان، دەبێ ئەم خەسڵەتانە لەهونەرەکەی و لەڕەفتارو گوتارەکانیدا ڕەنگ بداتەوە.

خۆ هونەرمەند بوون هەر بەتەنها ناو و ناوبانگ دەرکردن ودەرکەوتن نییە، بەڵکو پێش ئەمانە پێویستە هونەرمەند مرۆڤ بێت بەمانا گشتیەکەی مرۆڤ پێویستە دژی ستەم ونادادی وناعەدالەتی وپێشێلکردنی ماف وئازادیەکانی ئینسان بیتە دەنگ و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی هەبێ ودەنگ وڕەنگ وهاواری خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش وکرێکار بێ وپێویستە هونەرمەند نەبێتە کۆیلەو دەستەمۆو زوڕنا ژەنی هیچ دەسەڵات وحیزبێ. هونەرمەند دەبێ گەورەبێ وهەست بەگەورەیی خۆی بکات و خۆی بچووک نەکاتەوە لەبەرابەر هیچ شتێک و کەسێکدا مەبەستم لە خۆبەگەورەبوون لەڕووی مەعنەوی و لەڕووی ڕەهەندی مرۆیی وسەرمایەی مرۆییەوەیە، نەک خۆ لەوانیتر بەگەورەتر زانین .

هونەرمەند دەبێ کائینێکی کاریگەرو زیندوو بێت، نەک کائینێکی زەلیل وزەعیف وپاسیڤ ومردوو بێت. هونەرمەند دەبێت دەسکاری ژیان وتابۆکان بکات واوەتر لەخەڵکی ئاسایی بیربکاتەوە وببینێت.

هونەرمەند دەبێت تاکێکی سەربەخۆ وئازاد بێت و پەیامی هوشیارکردنەوە بدات بەگوێی کۆمەڵگەدا، نەک بە بەرهەمی فریودەرانە کۆمەڵگە سڕ بکات و بخەوێنێت.

نابێت بەبیانوی ئیلتیزام و ئیستاتیکی هونەری یەوە خۆی بدزێتەوە لەهەڵویستە ئینسانیەکانی و تەماشاکەرێکی دڵ ڕەقی ئەو ستەمانە بێت کەلەمرۆڤەکان دەکرێت لەکۆمەڵگادا. هەربۆیە لەکۆتاییدا دەڵێم بۆئەوەی خۆت وهونەرەکەت بەزیندووی بمێننەوە پێویستە مرۆڤ بیت و وەک مرۆڤ هونەر بکەیت.

*******

# سێ خاڵ سەبارەت بە ڕووخانی ڕژێمی سوریا

نووسینی: توانا حەمە نوری

.یەک: ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد، دەرئەنجامی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و جەماوەری نەبوو. ڕادەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە سوریا، بەبێ ئەوەی زیان بە دامەزراوە سیاسی و سەربازی و ئیداریەکانی بگەیەنێت، پشتی بە پلانێکی پێشوەختە داڕێژراو کە سیاسەتمەدارانی ڕژێمی پێشوو لەگەڵ ئێستا و سیاسەتمەدارانی نێودەوڵەتی و ناوچەکە تیایدا بەشدارن، ئەوەندە ئەم مەسەلەیە ئاشکرایە کە پێویست بە هیچ بەڵگەیەک ناکات.

دوو: ئەگەر کوشتن و جینۆسایدی هاووڵاتیانی غەززە لەلایەن ئیسرائیلەوە، کە تەنانەت دەزگا یاسایی و "مرۆییەکان"ی ڕۆژئاواش لەمرۆدا دانیان پیایدا ناوە، بەس نەبووایە بۆ ئەوەی بە ئاشکرا ناشیرینیەکانی "دیموکراسی" ڕۆژئاوا لە هەموو ئاستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و گوتاری میدیایی ئاشکرا بکات، ئەوا دڕندەیی تورکیا لە هێرشکردنە سەر خەڵکی کوردستان، هاوکات لەگەڵ بێدەنگی ڕۆژئاوا، نیشانەی هاوبەشیکردنە لە تاوانەکانی ڕژێمی تورکیا.

سێ: ئەوانەی بە ئاشکرا یان بە نهێنی بەرگری لە تاوانە گەورەکانی ڕژێمی ئەسەد دەکەن لە ژێر ناوی "دژە ئیمپریالیست" و "میحوەری بەرگری"، یان ئەوانەی ماتەمینن بۆ سیستمی سەرکوت و ئەشکەنجەدان و زیندان و مەرگی سوریا، تەنیا دەیانەوێت سیستەمی سەرکوت و ئەشکەنجە و زیندان و مەرگی خۆیان بشارنەوە و پاڵنەریان ماتەمینی ڕژێمی ئەسەد نییە بەڵکو ترسیانە لە داهاتوویەکی هاوشێوە.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە, جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە, هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە, کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**


*** بابەتی بڵاوبووەو لە بۆپێشەوەدا, ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە, کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە, کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات, کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

**درەنگ ناردنی بابەتەکان, لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا, شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# کوردستانی سووریا، پەکەکە و کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی ڕۆژاڤا و ململانێ و بەرخۆدان....



وەرگێرانی لە فارسیەوە: توانا محمەد نوری

ڕۆژاڤا بە واتای ڕۆژئاوا دێت. ڕۆژاڤا لە گوتاری سیاسیدا ئاماژە بەو ناوچانە دەکات لە باکوری سوریا (سێ کانتۆنی جەزیرە و کۆبانی و عەفرین) کە لە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن هێزەکانی پەیەدە گیراون و بە شێوەیەکی خۆبەڕێوەبەری بەڕێوەدەبرێن.

"پارتی یەکێتی دیموکراسی" پەیەدە لە ساڵی ٢٠٠٣ بوونی خۆی ڕاگەیاند بۆ خەبات بۆ یەکسانی یاسایی، دادپەروەری، ئازادی بیروڕا، فرەیی، ئازادی سیاسی، مافی ڕێکخستن و باشترکردنی ژینگە لە هەمان کاتدا ڕەتکردنەوەی پێکهاتەی دەوڵەتی نەتەوەیی و ناوەندگەرایی. لە ساڵی ٢٠١٠ "ساڵح موسلیم" و ساڵی ٢٠١٢ "ئاسیا عەبدوڵڵا" بە هاوبەشی وەک سەرکردەی ئەم حیزبە هەڵبژێردران. قۆڵی سەربازی ئەو پارتە ناوی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە/یەپەژە)یە. ئەم حیزبە یەکێکە لە هاوپەیمانەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە).

دوای ڕاپەڕینی جەماوەری لە تونس، میسر، لیبیا و یەمەن، کە بە بەهاری عەرەبی ناسرا، نۆرەی سوریا بوو. چیرۆکەکە لە ساڵی ٢٠١١ بە دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی بەشێک لە خوێندکاران کە سەرقاڵی نووسینی دروشمی دژە حکومەت بوون لەسەر دیوارەکە دەستی پێکرد. دوابەدوای ئەم ڕووداوە دانیشتوانی دەرعا و حەما نارەزایەتیان دەربڕی و بەکرێگیراوە ئەمنییەکان تەقەیان لێکردن. خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە شارەکانی دیکەشدا بڵاوبوونەوە و وەڵامی حکومەت - جارێکی دیکە - سەرکوتکردن بوو. دواتر سەرۆک وەزیرانی ئەوکات و زۆرێک لە بەرپرسانی دیکەی حکومی و سەربازیش پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی خۆپیشاندەرانەوە. بە دەستتێوەردانی فاکتەرە دەرەکییەکان و دەستتێوەردانی هێزە چەکدارە جیهادییەکان و ناسیۆنالیستەکان، خەباتی مەدەنی و نارەزایەتیی گەل لە ڕێڕەوی سەرەتایی خۆی دەرچوو و لە ماوەی دوو ساڵدا گۆڕا بۆ شەڕی ناوخۆ.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١، سەربازانی ناڕازی "سوپای ئازادی سوریا" یان پێکهێنا، کە لە ساڵی ٢٠١٢ بوو بە قۆڵی سەربازی "هاوپەیمانی نیشتمانی سوریا". بە تێپەڕبوونی کات گروپە چەکدارەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەش دۆزرانەوە و پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی دەسەڵاتداری ئەسەدەوە.

"پارتی یەکێتی دیموکراسی" یەپەگە بانگەشەی گرتنەبەری "ستراتیژی سێیەم" (نەک لەگەڵ ئەسەد، نەک لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن، بەرەو دامەزراندنی کۆنفیدرالیزمێکی دیموکراسی) بە کردەوە لە شەڕی ناوخۆی سوریا کشایەوە و لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٢، دوای کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی ڕژێم یەپەگە کوردستان و ناوچەکانی پارێزگا کوردنشینەکانی باکوری سوریای کۆنترۆڵکرد. ناوچە ئازادکراوەکان - کە پێیان دەگوترا "کانتۆنەکان" - بە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" بە شێوەی "خۆبەڕێوەبردنی دیموکراسی" بەڕێوەدەبرێن. لە ١٧ی ئازاری ٢٠١٧ هەرسێ کانتۆنی جەزیرە، کۆبانی و عەفرین پێکەوە یەکیانگرت و فیدراسیۆنی باکووری سوریایان دامەزراند. دەوترێت یەکەم بەرپرسی حکومی کە پاڵپشتی ئەم فیدراسیۆنەی کردووە، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل (نەتانیاهۆ) بوو وە یەکەم نوسینگەی نوێنەرایەتی فیدراسیۆن لە ڕوسیا دامەزرا. بەڵام ڕژێمی ئەسەد و گەورەترین هاوپەیمانی ئۆپۆزسیۆن (هاوپەیمانی نیشتمانی سوریا) دژایەتی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی ئەو فیدراسیۆنەیان کرد و ئەمریکا و تورکیاش ڕایانگەیاند کە دان بەو هاوپەیمانییەدا نانێت. بەڵکو زۆرێک لە سەندیکا و پارت و ڕێکخراوە چەپەکان لە سەرانسەری جیهانەوە بەیاننامەی پشتیوانییان بۆ بەرگریکردن لە خەباتی خەڵکی باکووری کوردستان و فیدراسیۆنی باکوری سوریا بڵاوکردەوە.

## ڕۆژاڤا و بەرنامەی پەیەدە.

"فیدراسیۆنی باکوری سوریا" لە ڕاگەیاندنی بوونی خۆیدا جەختی لەوە کردەوە کە بەنیازی جیابوونەوە لە سوریا نییە و بەنیازی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی نییە؛ بەڵکوو دەیەوێت بە دیموکراسیکردنی سوریا لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک بێت. هەروەها بانگەشەی ئەوەی کرد کە مەبەستی دروستکردنی سیستەمی تاک حزبی نەبووە و هەر حزب و ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ئازادانە لە چالاکیی سیاسی یان پەیوەندی بە کۆنگرەی گەل لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بکات. بەڵام کاردانەوەی ئەم ڕووداوە لای هێزە چەپەکان دوو لایەنە بوو: هەوادارانی بە شۆڕش، شەڕی ستالینگراد، کۆمۆنەی پاریس، شۆڕشی ژنان وەسفیان دەکرد. هاوکات ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٤ی خۆیدا پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە)- کە کۆنترۆڵی ڕۆژاڤای کردووە- بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، پێشێلکردنی مافی زیندانییەکان، دەستبەسەرکردنی ئارەزوومەندانەی نەیارانی سیاسی، دەستدرێژی جەستەیی بۆ سەر دەستگیرکراوەکان، دادگاییکردنی نادادپەروەرانە، تۆمەتبار کردووە. use هەرزەکارانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ لە یەکەی سەربازی تۆمەتبار کرد و تەنانەت تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە. هەروەها "لێبوردنی نێودەوڵەتی" لە ڕاپۆرتی ساڵی 2015دا هێزە سەربازییەکانی پەیەدە بە خاپوورکردنی ماڵی ئەو کەسانە تۆمەتبار کردووە کە گومانی هاوکاری لەگەڵ داعشیان لێدەکرێت. جگە لەوەش هێزی پۆلیسی (ئاسایش) بە ئەنجامدانی دەستگیرکردنی ئارەزوومەندانە تۆمەتبار کرابوو. "بزووتنەوەی لاوانی کورد" نارەزایەتی و خۆپیشاندانی دژی پەیەدە ڕێکخست، کە گوایە ڕووبەڕووی مامەڵەی سەرکوتگەرانەی هێزەکانی پۆلیسی پەیەدە بوونەتەوە.

بەڵام بەڕاستی لە ڕۆژاڤا چی ڕوودەدات؟ ئایا "کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی" پرۆژەیەکی سیاسییە کە ڕەنگدانەوەی خواست و ئایدیاڵ و ئاسۆی ئایدیۆلۆژی ڕێکخراوێکی سیاسییە کە لە تاقیگەی باکوری سوریادا خراوەتە بەر تاقیکردنەوە؟ ئایا ڕۆژاڤا هاواری نارەزایی جەماوەری ستەملێکراوە کە لە بۆشایی کێبڕکێ و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان سەری هەڵداوە؟ ئایا ڕۆژاڤا مۆدێلێکی ڕۆمانسییە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی نەتەوەیی، ئایینی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، دەسەڵاتی دەوڵەت، پیسبوونی ژینگە و بە کورتی ئیستغلال؟ یان پلانێکە کە بە ڕێککەوتن لەگەڵ کێبڕکێی ناوچەیی پایتەختە جیهانییەکان پێکدەهێنرێت؟ ئایا ڕۆژاڤا ئامرازێکە بۆ چەسپاندن و گەرەنتیکردن و درێژەدان بە کۆنترۆڵی سەرمایەی جیهانی بەسەر سەرچاوە و یەدەگی ناوچەکەدا؟ ئایا ڕۆژاڤا وەشانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە "زاپاتیزم" لە چیاپاس یان وەشانی کوردی "کیبوتز" لە ئیسرائیل یان وەشانی سوری "کەشوهەوای کوردستان" لە عێراق؟ هەرچۆنێک بێت باسی ڕۆژاڤا بیرکردنەوە و هۆکارە.

بەو پێیەی پێشهاتەکانی ڕۆژاڤا بەستراوەتەوە بە مێژووی "پارتی کرێکارانی کوردستان" (پەکەکە) و پێشهاتە سیاسی و تیۆرییەکانی ڕێبەرەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان، لە بەشی داهاتوودا سەبارەت بەم حیزبە و سەرکردایەتییەکەی بەدواداچوون بۆبابەتەکە دەکەین.

## پەکەکە و پەیەدە.

پەکەکە بە سەرکردایەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٧٨ پێکهێنرا و هەڵمەتە سیاسییەکانی دەستپێکرد. دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ حکومەتی تورکیا لەو کاتەدا هەموو سەندیکا و پارت و ڕێکخراوە سۆشیالیستەکانی قەدەغە کرد و دەستی کرد بە گرتنی هێزە چەپ و سۆشیالیستی و کۆمۆنیستەکان. ئۆجەلان و سەرکردەکانی ئەو حیزبە کە لە ساڵی ١٩٧٩ بەرەو سوریا هەڵهاتن، ئەرکی ڕێکخستنەوەی حیزبەکەیان دەستپێکرد - ئەمجارەیان لە سوریا. بنکەکانی پەکەکە لە دۆڵی بقاع لە سوریا بە مۆڵەتی حکومەتی حافز ئەسەد دامەزران تا ئەسەد وەکو چەقۆی فشار لە دژی تورکیا بەکاری بهێنێت.

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو شەڕی خوێناوی لە نێوان پەکەکە و هێزە سەربازییەکانی تورکیا سەریهەڵدا، کە بووە هۆی وێرانکردنی سەدان گوند و چۆڵکردنی هەزاران گوندی کوردستان. لە ساڵی ١٩٨٨ لە کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقدا سەدام حسێن کیمیابارانی گوندەکانی کوردستانی عێراقی ئەنجامدا. فڕینی خەڵک بۆ تورکیا، مەسعود بارزانی (سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق)ی لە حکومەتی تورکیا و ئەمریکا و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی پارتی نزیکتر کردەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندیی پەکەکە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ئاڵۆز بێت. داڕمانی بلۆکی بەناو سۆشیالیستی (1989) و یەکەمین جەنگی کەنداو (1991) و هاوکاری حافز ئەسەد لەگەڵ جۆرج بوش لە شەڕەکەدا - لەگەڵ تورکیا و ئەندامانی دیکەی ناتۆ - بە کردەوە پەکەکەیان خستە دۆخێکی زۆر لاوازەوە.

لە ساڵی ١٩٩٩ تورکیە بە هەڕەشەکردن لە سوریا بە هێرشی سەربازی داوای دەرکردنی هێزەکانی ئۆجەلان و پەکەکە لە سوریا کرد. ئۆجەلان و پارتەکەی بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە بە "ڕێککەوتنی ئاسایشی عەدنە" ناسراوە، لە سوریا دەرکراون. دوای چەند مانگێک (ئازاری ١٩٩٩) ئۆجالان دەستگیرکرا و سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێندرا و دەستگیرکردنی لایەنگرانی پەکەکە

لە سوریا دەستپێکرد و نزیکەی ٣٠٠ هەزار کورد لە مافی هاووڵاتیبوونیان زەوت کران و سنووردارکردن و بێبەشکردنی کوردەکان زیاتر بوو. لەدەستدانی هاوپەیمانە سەرەکی و کۆنەکان (یەکێتی شورەوی و بلۆکی ڕۆژهەڵاتی پێشوو، ڕژێمی بەعسی سوریا) ، دەستگیرکردنی ئۆجەلان و مۆری تیرۆریستی لەسەر ئەو حزبە، بە کردەوە پەکەکەی گۆشەگیر کرد. لەو ماوەیەدا ئۆجەلان وردە وردە خۆی لە بیرۆکە و بیروباوەڕ و دیدگاکانی پێشووی دوور خستەوە و تەنانەت بە فەرمی ڕایگەیاند کە مارکسیزم "دەسەڵاتخواز و دۆگماتیکییە و توانای چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نییە". جگە لەوەش ڕەخنەی لە پلەبەندی حزب و پێکهاتە نادیموکراسیەکەی گرت، خەباتی چەکداری ڕەتکردەوە و بانگەشەی بۆ نافەرمانی مەدەنی دەکرد، ڕووی لە ئەخلاقی ئایینی و دیموکراسی ڕۆژئاوایی و ئاشتەوایی چینایەتی و خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیک (لەبری سەربەخۆیی) کرد. چاوپێکەوتنەکەی پرۆفیسۆر میشێل گەنتەر لەگەڵ ئۆجەلان (١٩٩٨) ساڵێک پێش دەستگیرکردنی بە ڕوونی نیشانی دەدات کە هەڵوێستەکانی ئێستای ئۆجەلان و خەباتی بۆ نزیکبوونەوە و هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک بەرهەمی ساڵانی زیندانیکردنی نییە. ئۆجەلان لە چاوپێکەوتنەکەیدا دەڵێت: "من سنوورەکانی ئێستای تورکیا قبوڵ دەکەم". کەس نایەوێت تورکیا دابەش بکات. ئەمە زۆر گرنگە! تەنیا دەمەوێت دانوستان بکرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیموکراسی بۆ ئەم خەباتە ٢٠ ساڵەیە. تورکەکان دەبێ ناسنامەی کوردایەتی قبوڵ بکەن. پێویستە سیستمی فیدراڵی قبوڵ بکەن؛ هەمان شت لە ئەمریکا و ئەڵمانیا و بەلجیکا و سویسرا. ناکرێ ئێمە بە کۆمۆنیست بمێنینەوە. ئەمریکا نوێنەرایەتی گەشەپێدان دەکات. بارزانی و تاڵەبانی وەک دەست و قاچی "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد" وان؛ بەڵام من سەر یان مێشکی ڕاستەقینەی ئەم جەستەیەم. پێویستە ئەمریکا دانوستان لەگەڵ من بکات - بە مێشکەوە - گفتوگۆی نێوان ئەمریکا و کورد زۆر گرنگە و پێویستە پێش ئەوەی درەنگ بێت دەست پێبکات."

## کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی!؟

کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی کە ناسراویشە بە کۆمۆناڵیزمی کوردی یان ئاپۆیزم، چەمکێکی سیاسییە لەلایەن عەبدوڵلا ئۆجەلانەوە دانراوە سەبارەت بە سیستمێکی خۆڕێکخستنی دیموکراسی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆنفیدراڵی لەسەر بنەماکانی وەک ئۆتۆنۆمی، دیموکراسی ڕاستەوخۆ، ئیکۆلۆژیای سیاسی، فێمینیزم، فرە کلتوری، بەرگریکردن لە خۆ، خۆبەڕێوەبەری و تۆخمەکانی ئابووری هاوبەش و کاریگەری ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، شارەوانی ئازادیخواز. ئۆجەلان چەمکەکە وەک چارەسەرێکی سیاسی بۆ خواستە نەتەوەییەکانی کورد، هەروەها کێشە بنەڕەتییەکانی دیکەی وڵاتانی ناوچەکە کە ڕەگێکی قووڵی لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا هەیە، و وەک ڕێگایەک بۆ ئازادی و دیموکراتیکردن بۆ مرۆڤەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەخاتە ڕوو.

دەوترێت بیرۆکەی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراسی ئۆجالان بیرۆکەیەکی ئەنارکیستییە کە لە بیرۆکەکانی مۆرای بووکچینەوە وەرگیراوە*. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئۆجەلان لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٤ پەیامێکی بۆ بووکچین ناردووە و خۆی بە خوێندکاری ئەو ناوبردووە. جگە لەوەش دەوترێت بیروڕاکانی بووکچین لە نووسینەکانی ئۆجەلاندا ڕەنگ دەداتەوە. بۆیە لایەنگرانی ئۆجالان هەوڵ دەدەن کەڵک لە نزیکایەتی تیۆرییەکەی لەگەڵ بووکچین وەربگرن و دامەزراندنی کانتۆنە خۆبەڕێوەبەرەکان بە "بزووتنەوەیەکی ئیکۆ-ئەنارکیست"ەوە ببەستنەوە. ئەم ڕەوتە لە میدیای گشتیدا بە هەڵە پەیڕەو کراوە و بەردەوامیشی هەیە.

کاتێک بووکچین کۆچی دوایی کرد (٢٠١١) ، ڕۆژنامەی تایمزی لەندەن ناوی لێنا "گرنگترین بیرمەندی ئەنارکیستی ئەمریکای باکوور لە ماوەی زیاتر لە چارەک سەدەیەکدا". هاوکات لە ساڵی ١٩٩٥ بوکچین خۆی بە ئەنارکیست نەدەزانی و ئەمەی لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانیدا گووتبوو. جگە لەوەش لە ساڵی ١٩٩٩ لە وتارێکدا ئەم بابەتەی خستۆتە ڕوو و لە ساڵی ٢٠٠٢دا دووبارە نووسیویەتیەوە.

هەروەها بەشێک لە هەڵسوڕاوان و بزوتنەوە ئەنارکیستەکان هەوڵیان داوە هەر پەیوەندییەک لە نێوان ئەم بزووتنەوە و ئەنارکیزمدا بخەنە ژێر پرسیارەوە: "لە کوێی دنیا بینراوە کە کۆمەڵگەیەکی ئەنارکیستی لەسەرەوە بۆ خوار لەلایەن حزبێکی چەکدارەوە بنیات بنرێ و لەسەر بنەمای پرۆژەیەکی سیاسی پێشوەخت ئامادە کراو دابمەزرێ"؟؟؟! (چاوپێکەوتن لەگەڵ جانێت بیهل)

لە کۆمەڵگایەکدا کە لایەنێکی سیاسی کۆنترۆڵی هەموو شتێک بکات و سوپا و پۆلیس و ئەنجوومەنی یاسادانان و تەنانەت زیندانیشی هەبێت، مرۆڤ چۆن باسی ئەنارکیزم بکات؟! لە کوێی مێژوودا ئەنارکیستەکان هاوپەیمانی ئەمریکا بوون و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا شەڕیان کردووە؟!

پرۆفیسۆر مایکل گونتەر پسپۆڕی توێژینەوەی کوردی لە کتێبی "لە هیچ شوێنێکەوە: کوردانی سوریا لە شەڕ و ئاشتیدا" دەنووسێت: "لە واقیعدا سەرکردایەتی پەکەکە لە چیای قەندیل و عەبدوڵلا ئۆجەلان لە ئامرالی ئەوانەن کە لە ڕێگەی فەرماندەکانی پەکەکە/پەیەدە لەو ناوچانەی کە ئەوان حوکمڕانی جیاواز دەکەن."

تاک و ڕەوتە کۆمۆنیستەکان وێڕای ڕەخنەگرتن لە ڕۆژئاڤا، هەرچەشنە نزیکبوونەوەیەکیان لە دیدگا کۆمۆنیستییەکان ڕەتکردووەتەوە. بێگومان سەرکردە و تێکۆشەرانی ڕۆژئاڤا ئیدیعای کۆمۆنیست و ئەنارکیستیان نەکردووە و بەنیازی دامەزراندنی "کۆمۆنی پاریس" یان دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی نین. هەر لە سەرەتاوە و بە وردییەوە وشەیەکیان بۆ پرۆژەکەیان هەڵبژارد کە هیچ پەیوەندییەکی بەو بیرۆکانەوە نەبوو: کانتۆن، کۆنفیدرالیزم، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ماڵی خەڵک، خاوەندارێتی هاوبەش و هتد!

لە ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنەکانی جانێت بیهلەوە ** - دوای ئەوەی سەردانی ڕۆژئاڤا دەکات - وا دەردەکەوێت کە جیاوازییەک دەبینێت لە نێوان ئەوەی لە ڕۆژئاڤادا بینیویەتی و ئەوەی بووکچین لە سەریدا بووە و بە پشتبەستن بە تێبینییە بابەتییەکانی خۆی هەوڵدەدات بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لایەنە پارادۆکسییەکانی بگێڕێتەوە تەنانەت پێی وایە ئۆجەلان بە پێچەوانەی بووکچین هەڵوێستی دژە سەرمایەداری نییە.

جانێت دوای دوو سەردانەکەی بۆ ڕۆژئاڤا دەنووسێت: "فەلسەفەی ئۆجەلان یەکپارچە نەبوو؛ لە ماوەی ساڵانی زینداندا، بیروڕای خۆی لەبارەی شتی جۆراوجۆرەوە گۆڕیوە، تەنانەت ستایشی سەرمایەداریشی کردووە. بە بڕوای ئۆجەلان: پێویستە باڵادەستی کۆمەڵگای سەرمایەداری پشتڕاست بکەینەوە. چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی و ماددی ئەم کۆمەڵگایە لە هەموو سیستەمەکانی پێشوو باڵاترە و سەرەڕای هەموو کەموکوڕییە دیارەکانی، سەرمایەداری بە ڕوونی باشترە لەو سۆشیالیزمەی هەیە، چونکە هەستیارە بەرامبەر بە مافەکانی تاک و پێوەرە دامەزراوەییەکانی ئازادی تاک."

"لە ماوەی دوو سەردانمدا بۆ ڕۆژئاڤا، گەشتیارانی ڕۆژئاوایی کە بۆ ستایشی دەستکەوتەکانی ڕۆژئاڤا بانگهێشت کرابوون هەر زوو هەست بە شتێکی ترسناک دەکەیت: لەسەر دیوارەکان وێنەی عەبدوڵلا ئۆجالان هەیە. ئەم وێنانە وێنەکانی قەزافیی لە هەموو شوێنێکدا بەبیر نوێنەری لیبیای هێنایەوە. ڕەنگە ناڕەحەتی میوانەکان قووڵتر بێتەوە کاتێک دەبینن خانەخوێکانیان بەردەوام ستایشی کەسایەتی کاریزماتیکی ئۆجەلان دەکەن. بەرپرسی ئەکادیمیای زمان و ئەدەبی کوردی دەڵێت: ئۆجەلان گرنگترین کەسە. ئێمە بۆ فێرکردنی مێژوو و زمان و هەموو شتێک ئاماژە بە کتێبەکانی دەکەین. ئەوە ئۆجەلان بوو کە خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیانەی ڕۆژئاڤای پەروەردە کرد و ئامۆژگاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کرد. سیستمێکی "خوارەوە بۆ سەرەوە" دروست بوو. ئەم پارادۆکسە بەسە بۆ ئەوەی سەری سەردانکەرەکان بخولێتەوە. لەکاتێکدا کتێبێک دەخوێنمەوە دەربارەی یاساکانی ئەم دواییە (کە لە ئۆفیسی ئەنجومەنی یاسادانانی جەزیرە دەستم کەوت) لەگەڵ یاسایەکی نوێ دەربارەی ڕووبەڕووی چاپی کتێبەکە بوومەوە. لەو یاسایەدا هاتووە، هەموو بڵاوکەرەوەکان دەبێت مۆڵەتیان هەبێت؛ لیژنەیەک لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بڕیار بدات چ کتێبێک چاپ بکات و ئەم لیژنەیە شیاوی کتێبەکە بۆ چاپکردن و گونجانی لەگەڵ یاسا گشتییەکان و گونجانی لەگەڵ ئەخلاقی کۆمەڵگا دیاری دەکات.

مورای بوکچین (١٩٢١-٢٠١١) لە ساڵی ١٩٤٨ دوای جیابوونەوە لە ترۆتسکی پەیوەندی بە ئازادیخوازەکانەوە کرد و دواتر بوو بە یەکێک لە تیۆریسین و تیۆریزانی ئیکۆئەنارکیزم و ڕەخنەی لە پارتە مارکسیست لینینیستەکان و ترۆتسکیست و ماویستەکان گرت. ئیکۆئەنارکیستەکان لەو باوەڕەدان کە سەرمایە بە کەڵەکەبوونی کۆمەڵەوە ژینگە وێران دەکات. لە ئەنجامدا خەبات بۆ پاراستنی ژینگە کاراکتەری دژە سەرمایەداری هەیە.

**بوکچین بە تیۆری کۆمۆنیزم ناسراو بوو کە لەسەر بنەمای "شارنشینی ئازادیخواز" دامەزراوە. ئامانجی بۆکچین بریتی بوو لە: ١) دامەزراندنی ئابوورییەکی هەماهەنگی، سەربەخۆ و دۆستی ژینگە،**

**٢) سوود وەرگرتن لە دەرفەتی یەکسان لەلایەن ژنان و پیاوان،**

**٣) پێکەوەژیانی ئاشتیانەی گروپە نەتەوەیی و نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان،**

**٤) بەشداری دیموکراتی ئەندامان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا، بەبێ پێویستی بە حکومەت و هیچ پلەبەندییەکی دەسەڵات. عبدالله ئۆجەلان خۆی بە شوێنکەوتوو و هەواداری بۆکچین دادەنێت.**

**** جانێت بیهل (١٩٥٣ - ) نووسەر و وەرگێڕ و هونەرمەندێکی ئەمریکییە. ئەو چەندین کتێب و وتاری نووسیوە کە پەیوەستن بە ژینگەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵە بیرۆکەیەک کە لەلایەن مورای بوکچینەوە پەرەی پێدراوە و بڵاوکراوەتەوە. پێشتر داکۆکیکار بوو لە پرۆگرامی سیاسی دژە دەوڵەت و لە ساڵی ٢٠١١ بە ئاشکرا لێی جیابووەوە و ئێستا خۆی بە دیموکراتێکی پێشکەوتووخواز دەناسێنێت.**

**لە فارسیەوە کراوەتە کوردی**



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی دوانزەهەم**

**ئینتەرناسیۆناڵ: یەکێک لە ڕیشەکانی بە خۆداچوونەوە لەناو سۆسیالیستەکاندا لە ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە، ڕەخنەیە لەوەی کە پێی دەووترێ کەم ڕەنگ بوونی ئایدیاڵی دیموکراسی لە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی تا ئێستادا و هەوڵ دەدرێت لە ڕێگەی هێنانەناوەوە و تێکردنی سۆسیالیزم بە چەمکی دیموکراسی ئەم بەناو کەموکوڕییە پڕ بکرێتەوە. هەروەها چەندین مەیلی جیاجیا وای لێک ئەدەنەوە، کە نەبوونی دیموکراسی لە سۆڤیێت و وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، هۆکارێکی سەرەکیی تێکشکانی ئەم نیزامانە بووە. ڕای ئێوە سەبارەت بەم جۆرە ڕەخنە دیموکراتیکانە چییە، چ لە مارکسیزم و چ لە ڕەوتی پەرەسەندن و پێکهاتن و سەرەنجام ڕووخانی سۆڤیەت وەکوو بلۆکێک کە لافی سۆسیالیزمی لێ دەدا؟**

**مەنسوور حیکمەت:** بە بڕوای من، ئەم جۆرە ڕەخنەگرانە دوو دەستەن، یەکێکیان مەبەستی لە دیموکراسی هەمان مانا موشەخەسە بۆرژوا-لیبراڵییەکەیەتی و باسە واقیعییەکەشیان ئەمەیە کە نەک تەنها تیۆریی سیاسیی مارکسیزم، بەڵکوو بنەما ئابوورییەکانیشی دەبێت پێداچوونەوەی تێدا بکرێت و دەبێ هەم بازاڕ و هەم دیموکراسی بە مانای پراکتیکە پەرلەمانی و ڕۆژئاواییەکەی بۆ ئەم تێڕوانینە زیاد بکرێت و لەگەڵیدا ئاوێزان بێت. پووچی و بۆرژواییبوونی ئەم جۆرە هەوڵانە لە ڕوانگەی کۆمۆنیستییەوە کە لە بنەڕەتدا ڕەخنەگری ئابووریی بۆرژوایی و سەرخانی سیاسیی کۆمەڵگەی بۆرژواییە و مارکسیزمی لەم بار و دۆخەدا ناسیووە و قەبووڵی کردووە، پێویستی بە ڕوونکردنەوە نییە. ناتوانرێ بەر بە کەسێک بگیرێ، کە دەیەوێ بە تێکەڵکردنی مارکسیزم و بازاڕ و مارکسیزم و لیبراڵیزم مەکتەبێکی سێیەم دروست بکات. بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەم جۆرە مەکتەبە تێکەڵ و پێکەڵە، نە پەیوەندییەکی بە ڕزگاریی لە سەرمایەداری دەبێت و نە بە ئازادیی مرۆڤەوە و لە کۆتاییشدا نە لە لایەن بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکارییەوە بەدەستەوە دەگیرێت. بەڵام قسەوباسی ئەوانەی کە پێیان وایە دەستەواژەی تاک و ئازادیی تاکەکەسی بە مانایەکی گشتیتر لە کۆمۆنیزم و مارکسیزمدا کەمڕەنگ بووە، دەبێ بە شێوەیەکی کۆنکرێتتر وەڵام وەربگرێتەوە. دیارە لێرەدا بواری باسی دووروودرێژ لەم بارەیەوە نییە. من تەنها بە باسکردنی ئەم خاڵە ئیکتیفا دەکەم، کە بیانەوێ و نەیانەوێ ئەم ڕەخنانە لەژێر کاریگەری پراکتیکی جەمسەری فەرمیی کۆمۆنیزم لە سۆڤیێت و چین و پەیڕەوانیاندان و بیانەوێ و نەیانەوێ ئەم پراکتیکە بە گشتی، یان بەشێکی لەسەر مارکسیزم دەنووسن. جگە لەم حاڵەتە بە بڕوای من ئەوە زۆر سادەیە کە مرۆڤ بە گەڕانەوە بۆ ئامانجەکان و لێکدانەوە مارکسیستییەکان، بە گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆمۆنیزم پێش ئەوەی خەتی سۆڤیێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، ئەوە نیشان بدات کە چۆن مارکسیزم نەک تەنها هیچ پێویستییەکی بە ڕیفۆرمی ئازادیخوازانە نییە، بەڵکوو چ لەڕووی شیکاری و چ لە مێژووی واقیعیی جیهاندا، بە هۆی ئازادیخوازیی لەڕادەبەدەر و پێداگرتنی شێلگیرانە لەسەری، هەمیشە ئەم ڕەوتە کەوتۆتە بەر هێرشی بیریاران و سیاسەتمەدارانی بۆرژوایی. ئەگەر تەفسیری کۆمەڵگە لە دەستەواژەی ئازادی و نرخ و حورمەتی مرۆڤ بەدرێژایی دوو سەدەی دوایی قووڵتر بووبێتەوە، ئەوە لە بنەڕەتدا قەرزاری مارکسیزم و کۆمۆنیزم بووە. مارکسیزم تەفسیرێکی ئەوەندە ماکزیمالیستی لە ئازادیی مرۆڤ هەیە و ڕواڵەتەکانی زنجیری دیلێتی مرۆڤەکان ئەوەندە هۆشیارانە نیشان دەدات، کە بە بڕوای من مایەی گاڵتەجارییە ئەگەر کەسێک بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەزموونی دیموکراسیی ڕۆژئاوا، بیەوێ ئازادئەندێشانەتری بکات. کەسێک کە مرۆڤەکان هەر تەنها بە وابەستەنەبوونیان بە زەوییەوە و بوونی مافی مامەڵەکردن بە پارەوە لە بازاڕدا و خاوەن دەنگبوونیان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەندا بە ئازاد لەقەڵەم بدات، زەحمەتە بتوانێ شتێکی بەکەڵک بۆ ئەو تێڕوانینە زیاد بکات کە تەنانەت لە ئازادترین دیموکراسییەکاندا زەبوونی ئینسانەکان لەبەرامبەر دەسەڵاتی هەمەلایەنەی سەرمایەدا دەخاتە ڕوو. هەر چۆنێک بێت بە بڕوای من گومانی تێدا نییە، کە تەفسیری مارکسیستییانەی ئازادی، مەیدانێکە کە دەبێ بەجیاواز بچینە سەری، ئەگەر بە ڕاستی ئێمە دەمانەوێ لە بەرامبەر فریوکارییە دژی سۆسیالیستییەکانی ئێستادا ڕابوەستین.

سەبارەت بە سۆڤیێت دیارە کە باسەکە شتێکی ترە. دیارە کە لە سۆڤیێتدا دیموکراسیی لیبراڵی حاکم نەبوو. ئەمە هەرگیز مەرج نییە بەو مانایە بێت کە هاوڵاتیی یەکێتیی سۆڤیێت تەنانەت لە مەیدانی سیاسیدا بە ناچاری مافێکی کەمتری لە هاوڵاتییەکی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان هەبووبێ. لە زۆر باردا، بۆ نموونە لە مەیدانی ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە یەکسانی ژن و پیاو، مافی هاووڵاتی، یان لە مەیدانی خوێندن و تەندروستیدا، مافی بەشداریکردن لە بڕیارەکان و پێوانەکانی شوێنی کار و ژیانەوە هەبووە، ئەوە بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو کە بە ئازادییەکی زیاتر بۆ فەرد قایل بوو. بەڵام جیاوازی نێوانیان سەرەنجام بریتی بوو لە میکانیزمەکانی بێمافکردنی عەمەلیی خەڵک لە هەردوو جەمسەرەکەدا. ئەم مەسەلەیە لە نیزامی پەرلەمانیدا بە نەرم و ناسکییەکی زیاتر و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێت. بەڵام بە هەر جۆرێک بێت ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بە هۆی نەبوونی دیموکراسیی لیبراڵییەوە نەبوو. هەر وەکوو پێشتر باسمان کرد، بنچینەی مەسەلەکە لە مایەپووچیی ئابووریی مۆدێلی سۆڤیێت و بێتواناییەکەی لە بواری بەدیهێنانی گۆڕانکارییە تەکنیکییەکانی دوو دەیەی دوایی و وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی پیشەسازیی پێشکەوتوودا بوو. لە کۆتایی دەیەی پەنجاکاندا سۆڤیێت بە هەمان ئەندازە غەیرە لیبراڵی بوو. لە هەمان کاتیشدا گەشەیەکی ئابووریی بەرزی هەبوو، وە نیشانەیەکیش لە داچوون و ئاوابوونی لە ئارادا نەبوو. لە چینی ئەمڕۆدا ئیستیبداد حاکمە، کەچی ئاستی گەشەی، مایەی سەرسووڕمانی ڕۆژئاوایە. ئەگەر بکرێ شتێک سەبارەت بە پەیوەندیی دیموکراسی لەگەڵ پاشەکشەی سۆڤیێتدا بووترێ ئەوەیە، کە نەخوازەڵڵا بەو جۆرەی کە کادری کۆنی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیێتی پێشوو، ئێستا پێی وایە، ئەگەر تەسلیمبوون بە بازاڕ بەبێ هەڵکردنی چرای سەوز بۆ مافە لیبراڵییەکان ئەنجام بدرایە (کارێک کە چین خەریکە دەی کات)، واتە "پێرێسترۆیکای بێ گلاسنۆست"، ئەوا پاشەکشە و ئاوابوونی سۆڤیێت ئا بەم شێوە کامڵ و دراماتیکییە ڕووی نەدەدا.

وە سەرەنجام بە بڕوای من ڕەخنە لە نەبوونی ئازادیی سۆسیالیستی لە کۆمەڵگەی سۆڤیێتی پێشوودا ئەم لاوازییەی هەیە کە بەفەرمی، یان بە ناڕاستەوخۆ مۆری تەئید لە ئابووریی سۆڤیێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات دەدات. ئازادیی سۆسیالیستی تەنها دەتوانێ لەسەر بنەمای گۆڕانکارییەک لە بنچینەی ئابووریی کۆمەڵگەدا، لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا شکڵ بگرێت. ئازادییەکی لەم جۆرە لە سۆڤیێتدا وجوودی نەبوو، چونکە هەرگیز ئاڵوگۆڕێکی لەم چەشنە لە بنچینەی ئابووریی کۆمەڵگەدا ڕووی نەدا. چاوەڕوانکردنی ئازادییەکی لەو بابەتە لە بلۆکی ڕۆژهەڵات مانایەکی تری نییە جگە لەوەی کە وێنای خودی ڕەخنەگر لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەمان نیزامی دەسەڵاتدار لەم بلۆکەدا نییە. ئەمە هەڵوێستی ڕەوتە ترۆتسکییە ڕەسەنەکان و زۆربەی چەپی نوێ بووە و بە بڕوای من سەراپا پڕە لە نارۆشنی و نارۆشنیش پەرە پێ دەدات. تەنانەت نەبوونی ئازادی بە دەربڕینە کرێکاری و مارکسیستییەکەیشی لە هەنگاوەکانی یەکەمدا، هۆی ئاوابوون و پاشەکشەی بلۆکی ڕۆژهەڵات نەبوو. بە بڕوای من دەبێ مانای کۆمەڵایەتی و مێژوویی پشت ئەم مەیلە، واتە شەیدابوون و سەرقاڵبوون بە دیموکراتیزەکردنی سۆسیالیزم لەم سەردەمەدا تێبگەین. بۆچوونی مارکسیزم سەبارەت بە ئازادی و جێگاوڕێگای دەستەواژەی ئازادی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا لە ماوەی سەدە و نیوێکدا لەوە ناسراوتر بووە کە کەسێک بێ ئاگا ئەمڕۆ بیەوێ لە بۆتەی تاقیکردنەوە و ڕاستکردنەوەی بدات. ئەوەی کە ئەم جۆرە سەرقاڵییە دەکاتە مۆدێلی ئێستا، باڵادەستیی فیکریی و هاتوهاواری تەبلیغاتی باڵی ڕاست سەبارەت بە دیموکراسییە. بەشێکی چەپ لە ڕەوتی پاشەکشەکردندا خەریکە فەرمانی داگیرکەران جێبەجێ دەکات. خەریکە مێژووی تا ئێستای سۆسیالیزم و بناغەکانی بیروباوەڕی سۆسیالیستی بەپێی ڕیوایەتی ڕەوتی سەرکەوتوو دەنووسێتەوە و دووبارە بیری لێ دەکاتەوە. ئەمە کڕنۆشبردنێکی سیاسییە، نەک چاوکرانەوە لەبەرامبەر ڕاستییە زانستییە نوێکان. بەم پێیە تەواوی ئەم کێشە و سەرقاڵییانە بە بڕوای من بێ بەهان. بێ بەهان بەڵام بێ بایەخ نین. لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار لە مەنگەنە دەدەن و دەیخەنە کەنارەوە. دەبێ لەبەرامبەریدا بوەستییەوە، بەڵام نەک بەجیددیگرتنی حاڵەتە زانستییەکەی، بەڵکوو بە ئاشکراکردنی حەقیقەتە سیاسییەکەی.

**درێژەی دەبێت...**



# ئیدریس مستەفا: پێدەچێ رۆژاڤا ببێتە خاڵی زیاتر بەرلێککەوتنی هێزە نێوخۆیی و ناوچەییەکان و رۆژانی دادێ شتی زیاتر روون دەکەنەوە بۆمان ...

## دیمانەی بۆپێشەوە هاوڕێ ئیدریس مستەفا شرۆڤەکاری سیاسی ”سەبارەت هۆکارەکانی کەوتنی ئەسەد و لێکەوتەکانی...

**بۆپێشەوە: هۆکاری دارمانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد بەو خێراییە، شکستی سیاسی و سەربازی بوو، یان ڕیکەوتنی سیاسی پیش وەختە؟**

**ئیدریس مستەفا:** لە دیدی سیاسی منەوە شکستەکە سیاسی و سەربازی بوو. لەسەر مەبنای کۆمەلی فاکت کە لەبەردەستدا هەن کەوتنی ئەسەد بەو خێراییە لەم چەند خاڵەدا دەبینمەوە:

یەکەم: خاڵەکانی دانیشتنەکانی ئاستانە سەبارەت بە سوریا کە هەر سێ دەوڵەتی روسیا و ئێران و تورکیا لەسەری کۆک بوون هەر لە ساڵانی ٢٠١٧ ەوە تاکو ئەمساڵیش بریتی بوو لە مانەوەی وەزعی مەوجودی بەرەکان وەک خۆیان بەتایبەت بەرەی حەلەب و ئیدلب کە هێزە عەرەبیە ئیسلامیەکانی دژ بە سوریای لێیە.

دووەم: کشانەوەی هێزەکانی ڤاگنەری روسی و بگرە بەشێکیش لە هێزە ئاساییەکانی سوپای روسی لە سوریا و بردنیان بۆ شەڕی یوکراین.

سێیەم: کەمکردنەوەیەکی بێ وێنەی هێزە میلیشیا تایبەتەکانی حزبوڵڵای لوبنانی کە بە ناوی هیزی نوخبە ناسراوە بۆ شەڕی ئیسرائیل لە لوبنان.

چوارەم: لێدان لەهەر ئامانجێکی ئێرانی لە سوریا لە لایەن ئیسرائیلەوە لە ماوەی چەندان مانگی رابردوودا بەتایبەت هێرش کردنە سەر هەندێ شوێنگەی ئێرانی تایبەت بە چەک و تەقەمەنی و دواتر کوشتنی یەک لە دوای یەکی ئەفسەرە باڵا و راوێژکارە سەربازیەکانی ئێران لە دیمەشق وای لە ستارتیجیترین هاوپەیمانی سوریا کرد کە ئێرانە لاواز بێت و بگرە پاشەکشەش بکات لە هەندێ بواردا.

پێنجەم: لاوازی و ماندوێتی سوپای سوریا لەو چەند ساڵەی شەڕی ناوخۆیی و دابەشبوونی وڵات کە دابەشبوونی خودی سەرباز و ئەفسەرە گەورەکانی سوپاشی گرتەوە بەو پێیەی ئەو سوپایە لە هەموو خەڵکی ناوچەکانی سوریا پێکهاتووە و لاوازی و دابەشبوونی ناوچەکانی سوپاشی وەی یەکەیەک لە پێکهاتەی ئەو وڵاتەی گرتەوە.

شەشەم: کاریگەری گەمارۆی ئابوری لەسەر سوریا باری دارایی سوپای سوریای گەلێک خراپ کرد کە حکومەت نەیتوانی موچەی ئاسایی یاخود پڕ بە پێوسیتی رۆژگارەکە بداتە خودی سەربازەکان کە بە لایەنی کەمەوە ژیانێکی ئاسایی خۆی و ماڵ و منداڵەکانی پێ بەرێتە ڕێوە. ئەو موچەی دەدرایە سەربازێک، وەک نەقیبێکی

بەکارهێنراوە کە لە لایەن خودی تورکیاوە پێیان دراوە، بەو پێیەی تورکیا ئەندامی ناتۆیە و بە ئاسانی دەستی رادەگات بە هەندێ چەک لەگەڵ راوێژکاری شارەزای سەربازی تورک لە هەڵمەتی هێرش بردندا.

نۆیەم: ئەو خاڵەی سەرەوە هاوتەریبە یاخود تەواوکەرە لەگەڵ هەر هیزێکی ئایدیۆلۆجی چ ئاینی یا قەومی یا سیاسی کە بە ئیمان و عەقیدەوە شەڕ بکەن جۆرێک لە وزە و هیزی تایبەت بۆ ئازایەتی دەبەخشێ. نوسرە/تەحریر شام و هاوپەیمانەکانی

سەرۆکایەتی ناڕەزایەتی دەربڕی لە بارەوەی، ئێرانی وا لێکرد کە سارد ببێتەوە لە بەشار ئەسەد. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە سەرباز و ئەفسەرە گەورەکانی سوریا سیخوڕی بەسەر ئێرانیەکانەوە دەکەن بۆیە ئیسرائیل رێک و رەوان ئامانجەکەی خۆی دەپێکێ. ئێرانیەکان ئەمەیان لەگەڵ ئەسەددا باس کردبوو کەچی ئەسەد هەمان شتی گووتبوو گوایە خۆیشی هەست دەکات کە هەندێ لە ئەفسەرە گەورەکانی سوپا هەندێ جار گوێی لێ ناگرن. ئەم راستیە لە دوای نەمانی خۆی بە ئاشکرا باس دەکرێ.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئاگاداری ئەو میوانە ئیماراتی و ئەوروپیانە هەبوو کە بە نوێنەرایەتی ئەمریکا و ئەورووپا دەهاتن بۆ لای ئەسەد و داوایان لێدەکرد گەر دەستبەرداری ئێران ببێ و بە تەواوی پەیوەندیەکانی لەگەڵدا ببچڕێنێ ئەوا ئامادەیی هەموو ئاسانکاری و کرانەوەیەکی سیاسی و ئابوریان لەگەڵ سوریادا دەبێ بەتایبەت دووبارە دروستکردنەوەی سوریا. هەندێ لە عەرەبە قەومیەکان دەڵێن گوایە ئەسەد رەتی کردۆتەوە، بەڵام لە راستیدا ئەسەد چاوەڕێی کاتێکی دەکرد ئەمە بکات، بەڵام رووداوەکان و کێشە نێوخۆییەکان بواری نەدا ئەمە بکات. کێشە نێوخۆیی ئەسەد کێشەی سوپاکەی بوو. ئەو سامانی ئەسەد بۆ خۆی و خێزان و بنەماڵەکەی خەرجی دەکرد لە سەدای دووی ئەوەی خرج بکردایە لە سوپاکەیدا ئەوا سوپاکەی

> **لە کورت ماوەدا تورکیا قازانجێکی بێ وێنەی کرد، بەڵام لە درێژماوەدا تورکیا زەرەر دەکات، چونکە تورکیا دوو هاوپەیمانی ستراتیجی خۆی لە سوریادا لە دەستدا کە ئەوانیش روسیا و ئێرانن...**

خانەنشین باسی دەکات، بەشی هەفتەیەکی نەدەکرد؛ کەچی هەمان سەرباز دەبینێت چ گەندەڵیەک لە هەیکەلەی حکومی و سەربازی و دەوڵەتی سەرەوەدا بەتایبەت ژیانی خێزانی بەشار ئەسەددا هەیە. نموونە زۆرن و نامەوێ لێرەدا باسی بکەم.

حەوتەم: رەتکردنەوەی داواکاریە بەردەوامەکانی ئەردۆغان بۆ دانیشتن لەگەڵ ئەسەددا رقی تورکیای ئەستورتر و پەلەتر کرد لەو نەخشەیەی دەیوست دەست بکات بە بزاوتنی هێزە چەکدارەکانی ژێر

زەنگینن لەم خالەدا. دیارە ئەم خاڵە بۆ کوردانی رۆژاڤاش مەترەحە.

**بۆپێشەوە: بۆچی ئیران و روسیا، بەریان بە دارمانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد نەگرت، لە کاتێکدا سوریا و رژێمەکەی پێگەیەکی گرنگ بۆ روسیاو ئیران بوون؟**

**ئیدریس مستەفا:** یەکەم ئێران، پەیوەندیەکانی ئەسەد لەگەڵ ئێران لە یەک دوو ساڵی رابردووەوە بەتایبەت لە دەمانی هێرشی ئاسمانی ئیسرائیلەوە بۆ سەر حزبوڵلای لوبنانی بەرەو لاوازی و بگرە بێ

> **تاکو ئیستا دیار نییە ئایا ئیسرائیل لە کورت یا درێژ ماوەدا زەرەرمەند یا سودمەند دەبێ لە کەوتنی ئەسەد، تا ئەوەندەی بە حوکمی ئەسەد بگەڕێتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ وە لەسەر کورسی دەسەڵاتە هیچ هەرەشەیەکی جدی بۆ سەر ئیسرائیل دروست نەکردووە جگە لەوەی سوریا ببوو بە راڕەوێ گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی بۆ حزبوڵڵای لوبنانی و ئەمەش تارادەیەك لە دەستی بەشار دەرچوو بوو ...**

دەسەڵاتی نفوزی خۆی ئەویش بە سوود وەرگرتن لەو دۆخەی هاتۆتە پێش بە لەبەر چاوگرتنی ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد لەسەرەوە.

هەشتەم: ئامادەییەکی باشی سەربازی هێزەکانی بەرەی نوسرە/هەیئەی تەحریر شام و هاوپەیمانەکانی بە تفاقی سەربازی نوێ و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو لەوانە درۆن و وەک دەڵێن هەندێ چەکی ناتۆش

متمانەییەکی زۆر رۆیشتبوو. هێرشی ئاسمانی ئیسرائیلی بۆ سەر کۆنسولیەتی ئێرانی و کوشتنی ئەفسەرە گەورەکانی سوپای ئێرانی؛ دواتر پەلاماری یەک لە دوای یەکی هیرشی ئیسرائیلی بۆ سەر ئامانجە سەربازیەکانی ئێران لە سوریا هەر لە کوشتنی کادر و راوێژکار و ئەفسەرە سەربازیەکانی ئێرانەوە تاکو لێدان لە بنکە و کۆگای چەک و تەقەمەنی ئێرانی لە دیمەشق بێ ئەوەی بەشار ئەسەد یەک بەیاننامەی

هەرگیز لیی زویر نەدەبوون و شەڕی تاسەر ئێسقانیان بۆ دەکرد.

دووەم روسیا: دوا جار کە بەشار ئەسەد لە مۆسکۆ بوو، رۆژی گرتنی حەلەب، داوای یارمەتی لە ڤلادیمێر پۆتین کردبو؛ ئەویش پێی گوتبوو سوپاکەی خۆت کە شەڕت بۆ نەکەن ئێمە چۆن بتوانین شەڕت بۆ بکەین. دیارە روسیا بە فرۆکەی جەنگی شەڕی خۆی کرد، بەڵام کشانەوەی یەکە و

لیوا سەربازیەکانی سوپای سوریا لە هەموو شوێنێک کاریگەریەکانی روسیای نەدەهێشت. خاڵێکی تر ئەوە بوو، کاتێک روسیا بەوپەڕی هێزەوە لە پشتی ئەسەد بوو لە ساڵانی ناوەراستی دەیەی پێشووە کە ساڵی ٢٠١٧ هەموو حەلەب و ئیدلبیان بۆ ئەسەد گرتەوە و رادەستیان کرد، ئەمساڵ روسیا نەیتوانی هەمان شت بکات، چونکە دەرگیری شەڕی ناتۆیە لە یوکراین کە هەموو هێز و سوپای خۆی لەویدا کۆ کردۆتەوە.

سێیەم: توانای سەربازی و شەڕی بەهێزی چەدکارەکانی بەرەی نوسرە و ئەوانی تر لەو خێراییە لە پشرەویدا رێگەی بە ئێران و روسیا نەدا فریای شتێک بکەون بەتایبەت لە تەرەفی ئێرانەوە حزبوڵڵا وەک جاران ئەو توانا و ئامادەییەی نەماوە.

ئەم خاڵانە وای لە ئێران و روسیا کرد کە نەتوانن هیچ پشتیوانیەک بۆ ئەسەد ئامادە بکەن.

**بۆپێشەوە: مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ محمەد جۆلانی کە پێشتر وەکو گەورە تیرۆریستێک ١٠ ملیۆن خەڵات بۆ دەستگیرکردنی تەرخان کردووە، کەچی ئێستا بی بی سی و دیمانەی لەگەڵ دەکات و ئەمریکا، داواکاری لێ دەکات؟**

**ئیدریس مستەفا:** هەواڵەکان بە ئاشکرا رای دەگەیەنن کە ئەمریکا و ئەوروپا بە تەما هەن بەرەی نوسرە یاخود هەیئەی تەحریری شام و خودی ئەبومحەمەد ئەلجۆلانی لە لیستی تیرۆری خۆیان دەربکەن گەر بێتوو دەستبەرداری بیروباوەڕی توندرەوییانەی خۆیان بن. ئەمە لە لایەک باشە و لە لایەکی تریش بێ مانایی دنیای رۆژئاوا دەردەخات کە چۆن لە لنگەوقوچێکدا سیاسەتەکانیان هەڵدەگێڕنەوە کە پێشتر لە ژێر ناوی مەبادیئەکانی مافی مرۆڤ و ئیدانەی کوشت و بڕی خەڵکی مەدەنی و چی و چیدا تەبەنیان کردووە، بەڵام دواتر بۆ بەرژەوەندیەکی سیاسی خۆیان دەسبەرداری دەبن. ئەمە شتێکی تازە نییە لە مێژوویی ئەمریکا و ئەوروپادا و چاوەڕووان کراوە و بگرە لەوانەیە لە دوو سبەیدا گەر جۆلانی نەیاتە سەر رێیان وەک سەرکردەکانی تری ئەلقاعیدە و داعش و حەماس و حزبوڵڵا لە ناوی بەرن؛ بەڵام لەوەدەچێ ئەلجۆلانی بزانێ چۆن خۆی دەگونجێنێ لەگەڵ ئەمریکادا.

**بۆپێشەوە: لێکەوتەکانی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد چی دەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆی سوریا و ناوچەکە؟**

**ئیدریس مستەفا:** لە مێژووی خۆیدا سوریا هەرگیز ئاسان نەبووە بۆ ئاوێتە بوون لەگەڵ رووداوەکاندا چ لە سەردەمانی ئەیوبییەکانەوە تا مەغۆلەکان و دنیای نوێی کۆلۆنیالیستی فەرەنسی و بەریتانی و ئینجا دەورەی دوای سەربەخۆیی لە فەرەنسا کە پڕ بووە لە رووداوی نەخوازراوی وەک کودەتا کە دوایی ترینیان کودەتاکەی حافز ئەسەد بوو. لە رووی جوگرافیشەوە سوریا شوێنگەیەکی ستراتیجی هەیە لە نیوان هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا لەوەی بەشێکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێکیشە لە دەریای ناوەڕاست. لەرووی سیاسی عەرەبیەوە، سوریا راستەوخۆ بەرامبەر ئیسرائیلە بەتایبەت بەشیک لە خاکەکە، بەرزاییەکانی جۆلان لەلایەن ئیسرائیلەوە دەستی بەسەردا گیراوە و پێری کەش ناتانیاهۆ رایگەیاند کە بە رەسمی جۆلان بەشێکە لە ئیسرائیل و ناگەڕێتەوە بۆ سوریا، لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە تاکو ئێستا بە یەکێک لە کێشە ئاڵۆز و رووداوە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دادەنرێت. لەسەر ئاستی نیوخۆییش سوریا زیاتر لە هەر وڵاتێکی تری دنیای عەرەبی رەنگاڵەیی ترە لە کەمینە ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان لەوانە کورد کە گەورەترین کەمینەی نەتەوەیی سوریایە.

ئەم خاڵانە وا دەکەن کە هەر ئاڵوگۆڕێک لە سوریا روو‌بدات ئەوا راستەوخۆ کاریگەری لەسەر نێوخۆی خۆی و ناوچەکەش دەبێت وەک ئێستا دەیبینین.

**بۆپێشەوە: کەوتنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد باڵانسی ململانێی هێزە سەرەکیەکانی ناوچەکە لەوانە تورکیا و ئێران و ئیسرائیل، دەگۆڕیت، کام لەو جەمسەرانە براوە و دۆڕاوی ئەم دۆخە تازەیەن؟**

**ئیدریس مستەفا:** کەوتنی ئەسەد هاتنە ناوەوەی هێزە سەرەکیەکانی ناوچەکە و جیهانی چالاکتر کردەوە بۆ دەستێوەردان لە سوریادا چ ئەوانەی قازانجیان لەو کەوتنە کرد یاخود زەرەر.

ئێران: دۆڕاوی درێژماوە یاخود بڵێم تاکە دۆراوی ستراتیجی ئێرانە و بگرە کەوتنی سوریا نیوەی کەوتنی ئێرانە چونکە سوریا دڵی ئەو میحوەری مقاوەمەیەیە کە چوار دەیەیە گوێی دنیایان پێ کاس کردووە و جگە لە ئاشوب و ئاڵۆزی و وێرانەیی زیاتر هیچی تری نەهینا بۆ ناوچەکە. ئەو هێزانەی ئەمڕۆکە لە دیمەشقن بە هاندان و پشتیوانی سەرەکی تورکیا بوون. ئێستاش ئەوەندەی رقیان لەئێرانە و باس لە دەستکۆتاکردنی ئێران دەکەن لە سوریادا هەرگیز باس و خواسی ئیسرائیلیان لە زهنیاندا نییە. ئەم رووداوە خراپبوونی پەیوەندیەکانی ئێرانی لەگەڵ تورکیادا لێدەکەوێتەوە.

تورکیا: لە کورت ماوەدا تورکیا قازانجێکی بێ وێنەی کرد، بەڵام لە درێژماوەدا تورکیا زەرەر دەکات، چونکە تورکیا دوو هاوپەیمانی ستراتیجی خۆی لە سوریادا لە دەستدا کە ئەوانیش روسیا و ئێرانن. ئەوەی تورکیا کردی لەوەی لە پڕێکدا و بێ گوێدانە هیچ لایەنێکی بەشداربوانی ئاستانەی کازاخستان هێزە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوری پڕ چەک کرد و کردنی بە گژ سوپایەکی برسی و ماندوودا.

روسیا: یەکێک لە شکستە ستراتیجیەکانی دەرەوەی روسیا کەوتنی ئەسەد بوو. بگرە لە هەموو ئاستێکی سیاسی و مۆراڵی و سەربازی و قوتبەندێتی روسیا گورزی گەورەی بەرکەوت. ئەم گورزە لەلایەن تورکیاوە، وەک ئەلەکزاندەر دۆگینی بیریاری سیاسی روسی و وەک دەڵێن عەقڵی پوتین، دەڵێ ئەوە ناپاکیەک و خەنجەر لە پشت دان بوو لە روسیا لە لایەن تورکیاوە. ئەڵبەتە روسیا لە شوێنی تر تۆڵەی خۆی دەکاتەوە لە تورکیا، بەڵام چ کورت و چ درێژ ماوە کەوتنی ئەسەد شکتێکی گەورە بوو بۆ روسیا لە ناوچەکە و بگرە جیهانیش.

ئیسرائیل: تاکو ئێستا دیار نییە ئایا ئیسرائیل لە کورت یا درێژ ماوەدا زەرەرمەند یا سودمەند دەبێ لە کەوتنی ئەسەد، بەڵام تا ئەوەندەی بە حوکمی ئەسەد بگەڕێتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ وەوە لەسەر کورسی دەسەڵاتە هیچ هەرەشەیەکی جدی بۆ سەر ئیسرائیل دروست نەکردووە جگە لەوەی سوریا ببوو بە راڕەوێ گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی بۆ حزبوڵڵای لوبنانی و ئەمەش تارادەیەک لە دەستی بەشار دەرچوو بوو ئەویش بەهۆی ئەو قورساییەی ئێران لە پەیوەندیەکەدا دروستی کردبوو. بەهەرحاڵ، تاکو ئێستا هیچ یەکێک لەو گروپە چەکدارانەی ئەسەدیان خست بەتایبەت هەیئەی تەحریری شام هیچ شتێکیان لەسەر ئیسرائیل نەگووتووە چ بە باش یا خراپ؛ بەڵام، لە سێ و چوار رۆژی رابردوودا ئیسرائیل کاری خۆی کرد بە زیادەوە، بگرە ئەوەی خەونیشی پیوە نەدەدی کە ئاوها بە ئاسانی و بێ هیچ بەرەنگاری و نارەزایەتیکی سیاسی و دەوڵەتی کەوتە تێکشکانی هەموو هێزی سوپای سوریا هەر لە دەریایی و ئاسمانیەوە تاکو دەگا بە توانا ئەزریەکەی. بۆ نموونە تەنانهت دوێنێکە ئیسرائیل ٣٢٠ هێرشی کردۆتە سەر بنکە و شوێنە سەربازیە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی سوریا.

ئەمریکا: بێ شک کەوتنی ئەسەد قازانجێکی ستراتیجی ناوچەیی بوو بۆ ئەمریکا لەبەر زۆر هۆ کە لێرەدا بواری باس کردنی نییە، بەڵام گەورەترین قازانجی ئەمریکا لە کەوتنی ئەسەددا نییە، بەڵکو لە شکستی روسیادایە. کەوتنی ئەسەد لوت شکاندنی روسیا بوو بۆ ئەمریکا بێ ئەوەی ئەمریکا خۆی یەک مشتەکۆلە بوەشێنێ.

رۆژاڤا: تاکە هیزە کە هەم زەرەرمەند و هەم سودمەند بوو لە کەوتینی ئەسەد. رۆژاڤا سودمەند بوو بەوەی کە درێژماوەترین حاکمداری سوریا ئەوەی لە مەزهەبی سیاسی و فکریدا نەبوو کورد و مەسەلەی کورد بوو لە سوریادا بگرە کرۆکی بیری سیاسی ئەسەدیزم سڕینەوەی هەر شتێکی کورد بوون بوو. وەک زەرەرمەندیش، بە کەوتنی ئەسەد هێزە ئیسلامی و قەومیەکانی تر لە ئەسەد خراپترن بۆ گیان کورد ئێستا دەسەڵاتێ دەولەتیان بە دەستە لە دیمەشق و بە چڕوپڕتر خۆ کۆدەکەنەوە بۆ گیانی رۆژاڤا. دیارە، رۆژاڤا هەر ئاوها بە ئاسانی و بگرە هەرگیز بەوانە لە ناوناچێت، بەڵام توشی هەلاکەتێکی زۆری دەکەن لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانێتی لەوێ هەن. پێدەچێ رۆژاڤا ببێتە خاڵی زیاتر

**دۆڕاوی درێژماوە یاخود بڵێم تاکە دۆڕاوی ستراتیجی ئێرانە و بگرە کەوتنی سوریا نیوەی کەوتنی ئێرانە چونکە سوریا دڵی ئەو میحوەری مقاوەمەیەیە کە چوار دەیەیە گوێی دنیایان پێ کاس کردووە و جگە لە ئاشوب و ئاڵۆزی و وێرانەیی زیاتر هیچی تری نەهینا بۆ ناوچەکە ...**

**ئێران لە ئێستاوە بە شوێن گرەوەی سوریادایە لە عێراق، لە نێوەدا هەرێمیش بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی، یەکێك دەبێ لەو ناوچانەی کە دەبێ نفوزی ناوچەیی خۆی تیدا رەنگ پێ بداتەوە...**

## درێژەی... دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ ئیدریس مستەفا سەبارەت بە هۆکارەکانی روخانی ئەسەد و لێکەوتەکانی...

بەرلێککەوتینی هێزە نێوخۆیی و ناوچەییەکان و رۆژانی دادێ شتی زیاتر روون دەکەنەوە بۆمان.

**بۆپێشەوە: بە جیا لەهەر لێکدانەوەیەک وا دێتە پیش چاو کە دیکتاتۆریەتی ئەسەد لە رێگای هێرشی گروپە تیرۆریستەکان و نەیارانیەوە بە پشتیوانی دەوڵەتی تورکیا کۆتایی هات، چ چاوەروانیەک لە دەسەڵاتی ئەم گروپانە دەکرێت؟**

**ئیدریس مستەفا:** ئەوەی ئەسەدی رووخاند زۆرتر شەڕ نەکردنی سوپاکەی بوو لەبەر چەند هۆ کە روونمان کردووە، هەروەها ئەو پاشقولە سیاسیەی تورکیا لە هاوڕێیانی ئاستانەی گرت. بۆیە من کەمتر ئەو متمانەیە دەدەم بە هێرشی گروپە ئیسلامیە چەکدارەکانی وەک جەبهەی نوسرە/هەیئەی تەحریر شام بۆ رووخاندنی ئەسەد. ئەوەی ئایا چاوەڕوانی چی لەو گروپانە دەکرێت ئەوە پەیوەستە بەو گوفت و کردارانەی دەیڵێن و دەیکەن. لە ئیستاوە خلافی گروپەکان دەبینرێ لەوەی هەندێکیان باوەڕی توندرەویان هەیە و هەندێکی تریان وەک ئەبومحەمەد ئەلجۆلانی یاخود ئەحمەد شەرع، زۆرتر باس لە پرۆژەی دەولەت بوون دەکەن وەک دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی سوری لە هەموو ئاستەکانی سیاسی و ئابوری و دپلۆماسی نێودەوڵەتی. یەکیک لەو شتانەی کە ئەم هێزانە ناخوێننەوە ئەوانی ترن لە سوریادا. واتە نەخوێندنەوەی کەمینە ئاینی و قەومیەکانی تری وەک کوردە. بۆ نموونە هەر دوێنێکە کاتێک حکومەتی کار رێبەڕێەکریان تەشکیل کرد پریان بە هیچ یەکێک نەکرد لەوانە کورد و بگرە بە خودی ئۆپۆزسیۆنە مەدەنیەکانی تری سوری نەکرد وەک هیزی ئیئتلافی سوری. بۆیە چاوەروانی لەوانە کەمتر هەیە هەرچەندە ئەحمەد شەرع قسەکانی جوان بن، بەڵام کردارەکانی شتێکی تر دەڵێن و ئا لێرەدایە کورد و ئەمریکا و ئەوروپا دەترسن لەوەی سوریا نەبێتە وڵاتی هەموو سوریەکان هەروەک چۆن ئێران وڵاتی هەموو ئێرانیەکان نییە.

**بۆپێشەوە: چارەنووسی کانتۆنەکانی رۆژئاوا و دەسەڵاتی هەسەدە، چۆن دەبینن بەتایبەتی کە دەوڵەتی تورکیا لەپشتی هێزە براوەکان و ئامانجێکی سەرەکیشی کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی خۆ بەرێوەبەری؟**

**ئیدریس مستەفا:** پێموایێ لە وەڵام بە پرسیارەکانی پێشووتردا ئاماژەمان بە هەندێ خاڵدا لەم بارەیەوە، بەڵام وەک پرسیارێکی راستەوخۆ و تایبەت لای من ئەمە بەهێزترین پرسیارە و لە واڵەکەی خۆشمدا باسم کردووە، چونکە کرۆکی بزواندنی ئەو رووداوانەی ئێمە ئیستا باسیان دەکەین لە لایەن تورکیاوە بوو بۆ شەڕکردنێکی چڕوپڕتری ئەم گروپە ئیسلامیە چەکدارانە دژ بە رۆژاڤا؛ شەڕێک تا ئاستی لاوازکردن و بگرە نەهێشتنیشی. لەوەناچێ تورکیا ئەم ئامانجەی بۆ بچێت سەر، چونکە هەم رۆژاڤا پارویەکی ئاسان نییە و هەم هیزە ناوچەیی ونێودەوڵەتیەکان دێنە ناو ئەم هاوکێشەیەوە وەک ئیسرائیل و ئەمریکا. ئیستا دەنگۆی ئاشکرا هەیە کە ئیسرائیل لە پەیوەندیدایە لەگەڵ کوردانی سوریادا ئەمە جگە لەوەی ئەمریکا هەر لەوێیە و دوێنێکە سێ کاتژمێر دانیشتوون لەگەڵ سەرانی قەسەدەدا و رایانگەیاند کە لەوێ دەمێننەوە تاکو داعش هەبێ.

هەروەک چۆن داعش ئامانجی ستراتیجی خۆی گۆڕی لە بەغداد و دیمەشقەوە بۆ کۆبانی و هەولێر، تورکیا بە هیوایە خودی ئاراستەی ستراتیجی ئەم گروپانە لە دیمەشقەوە بۆ کۆبانی بگەڕێنێتەوە بەتایبەت ئەم گروپانە لە مێژە لە شەردان لەگەڵ رۆژاڤادا. لەوەدەچێ هەیئەی تەحریر شام جارێ زۆرتر بە دوای بنیادنانەوەی دەوڵەتی سوریاوەیە و گەڕانەوەی بۆ ناو کۆکاری عەرەبی و خیزانی نێودەوڵەتی. دیارە، ئەم ئامانجە رۆژاڤاشی تیدەکەوێ بەو مانایەی بەشێکە لە سوریا. ئا لێرەدا خلافە گەورەکان دەردەکەونەوە و ململانێکان دەست پێدەکەنەوە کە لێرەدا بواری باس کردنی نییە.

**بۆپێشەوە: کاریگەری و لێکەوتەکانی روخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟**

**ئیدریس مستەفا:** پێش وەختە کاریگەری خۆی کردووە لە چەند روویەکەوە. کەوتنی بەشار ئەسەد وێنەیەک دووبارە دەکاتەوە کە ئەویش دەسەلاتدارێتی بەتایبەت بنەماڵەچێتی تاسەر بۆ کەس نییە و حاکمدارێتی لەوپەڕی بەهیزی خۆیدا دەکەوێ گەر بێتوو ئیدارەی ولاتەکەی بە تاکڕەوی و گەندەڵی و کوشتنی دەنگ و رەنگە جیاوازەکانەوە بەرێوەبەرێ. ئەمە زۆرتر بۆ هەرێم، بۆ عێراقیش هەمان ئامانجی هەیە بەڵام لایەنێکی گرنگتری هەیە ئەویش ئەو رەهەندە مەزهەبیە سوننی و شیعەییێتیەیە کە هەم لە نیوان تورکیا و ئێراندا هەیە و هەم لە نێوان گروپە چەکدارە ئسیلامیە سوننەکانی سوریا و شیعەکانی عێراقدا هەیە. چ حکومیەکەی وەک سوپا و چ غەیرە حکومیەکانی وەک حەشدی شەعبی وئەوانی دی. سوریا و عێراق گەر پێشتر دوو باڵی یەک حزبی بەعس بووبن ئەوا ئیستا هەموو باڵەکانی تری وەک ئاین و مەزهەب و سیاسەتی ناوچەیی وەک تورکیا وئێران لە پشتەوە هەن.

ئێران لە ئیستاوە بە شوێن گرەوەی سوریادایە لە عێراق، لە نێوەدا هەرێمیش بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی، یەکیک دەبێ لەو ناوچانەی کە دەبێ نفوزی ناوچەیی خۆی تیدا رەنگ پێ بداتەوە، چونکە ئێران گەر ئەمە نەکات ئەوا بەشێک لە وجودی سیاسی و قەوارەیی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەولەتی لە دەست دەدات و بگرە لەوەتەی کۆماری ئیسلامی دروست بووە کۆڵەکە ستراتیجیەکەی بریتی بووە لە دەرکەوتن و وجودە دەرەکیەکی زیاتر وەک لە ناوخۆییەکەی. بۆیە ئەگەری زۆرە کە ئێران عێراق بکاتە سوریایەکی تر هەرچەندە هیچ شوێنێکی تر ناتوانێ جێگەی سوریا بگرێتەوە بۆ ئێران.

## درێژەی دوا وتە

ئەوا دەسەڵاتی دوو بنەماڵەی پارتی و یەکێتی، لە بنەرەتدا نەک هەر تالانچی و گەندەڵن، بەڵکو لەسەر پایەی دزی و گەندەڵی دامەزراون و بە ئەندازەی دەسەڵاتی ئەسەدی روخاو، یاری بە داهات و سامانی هاوڵاتیانی کوردستانەوە دەکەن و ژیانێکی شاهانەیان بۆخۆیان و کور و ئەحبابەکانی بنەماڵەکانیان، دروست کردووە.

ئەگەر دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد لە سوریا، هەموو بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەریان سەرکوت دەکرد و بەو پەڕی دڵرەقیەوە وەڵامی نەیارانی سیاسی دەسەڵاتیان دەدایەوە، ئەوا دەسەڵاتی دوو بنەماڵەی زۆنی زەرد و سەوز بە هەمان شێوە بێ ئەوەی دەوڵەت بن و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا رەوایەتیەکیان هەبێت، هەر بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی بەرووی دەسەڵات و بنەماڵەکانیاندا بەو پەری سەرسەختی و بە کوشت و کوشتار وەڵام داوەتەوە و دەدەنەوە.

ئەگەر لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەسەدا شەقام و گۆرەپانەکان بە وێنەی سەرۆکی قائد داپۆشراون، ئەوا لە ژێر دەسەڵاتی زۆنەکانی هەرێمدا، وێنەی سەرانی یەکەمی بنەماڵە لە بازگەو دامەزراوەکان و کۆمەڵگەدا، سیمای ناشیرینی دەسەڵاتی بنەماڵەیان خستۆتە ڕوو.

ئەگەر لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەسەدی روخاودا، سوپا و دەزگا ئەمنیەکان لە ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتی یەک بنەماڵەدا بوون، ئەوا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بنەماڵەکانی دەسەڵاتی هەرێمدا، باسێک لە سوپا و دەزگای ئەمنی سەربەخۆ نەک بوونی نییە، بەڵکو هەر دوو بنەماڵە خاوەنی هیزی میلیشیایی و ئەمنی و هەواڵگرت حزبی و خێزانین.

ئەگەر دەسەڵاتی روخاوی بنەماڵەی ئەسەد، توانی زیاتر لە ١٠ ساڵ، بە هاوکاری جەمسەرە جیهانی و ناوچەییەکان، جەستەی گەندەڵ و دیکتاتۆریانەی خۆی رابکێشت و لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەوا دەسەڵاتی بنەماڵەکانی هەرێم، بەرگەی هیچ رەشابەیەکی دەرەکی و هیچ هیزێکی وەکو داعش و حەشد و هاوشێوەکانی ناگرێت و جەمسەرە جیهانی و ناوچەیەکانیش، کەمترین مایەیان لەسەر دەسەڵاتی زۆنەکانی هەرێم داناوە.

ئەگەر دارمانی پەیوەندی دەسەڵات بە جەماوەرەوە و نەفرەتی جەماوەری لە دەسەڵاتی ئەسەد فاکتی هەر یەکلاکەرەوە بۆ دارمانی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد بوو، ئەوا دارمانی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی زۆنەکان لەگەڵ خەڵکی کوردستان بە جێگایەک گەیشتووە، کە راماڵین و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، بۆتە ئارەزوو خواستێکی گشتی.

لێک چوونەکانی نێوان دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد و بنەماڵەکانی دەسەڵاتی هەرێم، لێکچوونی چارەنووسیشیانە.

**ناوەراستی دیسەمبەری ٢٠٢٤**

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیـانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بـۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکـانی بەردەم خەبـات و یەکـگرتـوویتـان، بەردەوام ئاگاداری بکەن...**

**bpeshawa@gmail.com**

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

توانا محەمەد نوری، ئیدریس مستەفا، کۆژین بەهادین، یادە گۆران، زانیار وەلی، بەندی عەلی، وریای رەسام، نەجم محەمەد، سەلام سەعید، ، کاوان قادر، ڕێبوار یاسین، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود،...

**دۆسیەی ژمارە "هۆکارەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و لێکەوتەکانی"؟**

دوا وتە

# لێکچوونی دەسەڵاتی ڕوخاوی ئەسەد لەگەڵ دەسەڵاتی زۆنەکانی هەرێم!!

عەبدوڵا مەحمود

ئەوەی دەسەڵاتی زیاتر لە پێنج دەهەی بنەماڵەی ئەسەدی لە سوریا کۆتایی پیهێنا، بە پلەی یەکەم، ریشەی لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریانە و بنەماڵەیی و تالانچیانەو گەندەڵی، سیستەمی سیاسی حزبی بەعسی سوریدا بوو.

هەموو ئەو هۆکارە بناغەییانەی بوونە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی سوریا بەو خێراییە دابڕمێت، بە زیادەوە نەک لەدەسەڵاتی هەرێمدا هەن، بەڵکو دەسەڵاتی هەرێم لەسەریان دامەزراوە.


دەسەڵاتی بنەماڵەیی هەرێم، دوو زۆنیان لە هەرێمدا بۆ زیاتر لە سێ دەهەیە پاوانی کوڕ و باوک و خێزانەکانیان کردووە، ئەگەر لە سوریا یەک بنەماڵە هەژمونی خۆی بەسەر دەیان ملیۆن هاوڵاتی سوریدا سەپاندبوو، ئەوا لە هەرێمدا دوو بنەماڵە ژیان و گوزەران و ئایندەی زیاتر لە ٦ ملیۆن لە خەڵکی کوردستانیان، بە بارمتە گرتووە. ئەگەر سوریا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەدا بووە مەیدانێک بۆ دەستێوەردان و گۆرەپانێک بۆ ململانێی ناوچەیی و جیهانی، ئەوان هەرێمی کوردستان لەسەر دەستی دوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانیدا و لە جەنگی دەسەڵاتدا شەق کراوە بۆ دوو زۆن و بە هەمان شێوەش کراوەتە مەیدان و گۆرەپانی بەرژەوەندی و جەمسەرە ناوچەییەکانی وەکو ئێران و تورکیا و کارتێک بەدەست زل هێزەکانی دنیاوە... ئەوە لە کاتێکدایە سوریا دەوڵەت و هەرێمی کوردستان لە بۆشایی قەوارەیەکی بە فەرمی ناسراوی دەوڵەتی دایە، و ئەمەش سایەی لەبەین بردن و نەمانی دەسەڵاتی قەوارەی هەرێمی!!، هەمیشە بە ساناى هێشتۆتەوە.

ئەگەر بنەماڵەی دەسەڵاتی ئەسەدی روخاو، دەستیان بەسەر سامان و داهاتی چینی کرێکار و سەرجەم خەڵکی سوریادا گرتبوو، وە وەکو بنەماڵە، خاوەنی سەدان ملیار دۆلار بوون، و لە بەرامبەردا خەڵک برسی و نەدار و بێبەش و بێ خزمەتگوزاری و بیماف بوون، ئەوا لە هەرێمدا دوو دەسەڵاتی بنەماڵە خۆیان خاوەنی دەیان ملیار دۆلار و دەستیان بەسەر هەموو داهات وسامانی زونەکاندا گرتووە، لە کاتێکدا چینی کریکار و جەماوەری بیبەشی کوردستان موحتاجی موچەو کری و سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانن.

ئەگەر لە سوریای دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەدا دزی و گەندەڵی بێدادی دەکرد و هەموو جومگەکانی تەنیبوو،

بۆ لاپەڕە 14

## هۆنراوەیەکی بەندی عەلی



گیان دەهارن .. ژیان دەهارن
گوێ نادەن بە دەنگ و بەرەنگ
دەهەری ئاڵوگۆڕی خوێنە
بە نرخی زێڕی زەردو ڕەش
گەردەلوولە و مەرگ هێنە
وشک و تەڕ دەکاتە ئاتەش
دوو گایەلی شێت و هارن ،
لەیەک زەریادا دوو نەهەنگ
دوو بەردی هەمان دەستارن
ئەمبەر و ئەوبەر بەرەی جەنگ

## خوێنەرانی ئازیزی بۆپێشەوە...

بە ئاگاداریتان دەگەیەنین, کە بەهۆی پشووەکانی سەری ساڵەوە, بۆپێشەوە لە1-1-2025 دەرناچێت و ژمارەی داهاتوو دەکەوێتە... بەرواری 15-1-2025

ماڵپەری بۆپێشەوە بەردەوام دەبێت...

دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو بەرواری 13-1-2025

## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام

